DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi2.73

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

# هێنانەدەرەوەی ‹فۆیەرباخ› لە تارمایی مارکسییزم

**پ .ی .د. نەوزاد جەمال حەمەفرج**

دەستەی کوردستانیی بۆ دیراساتی ستراتیجی و توێژیینەوەی زانستی (KISSR)

nawzad.hamafaraj@kissr.edu.krd

**پوختە**

ئەوەی لای بەشێکی زۆری توێژەرانی مێژووی فەلسەفە باوە؛ رۆڵی فەلسەفەی فۆیەرباخ بە پردێکی نێوان ‹هیگڵ› و ‹مارکس› دانراوە. هەڵبەت، ئەم وێنە گشتییە بەدیوێکدا رۆڵێکی لاوەکیی بە پێگەی فەلسەفەی فیورباخ دەدات. چونکە، گرنگییەکەی تەنها لە رایەڵێکی نێوان دوو ناوی گرنگی فەلسەفەدا کورتدەکاتەوە. هەروەها، بەدیوێکیتریشدا وەک ئەوەی فۆیەرباخ لە پاش هیگڵ، خۆبەخۆ شتێکی ئەوتۆی نەخستبێتەسەر رەوتی فەلسەفە. جگەلەوەی، کاریگەریی تێزەکانی فۆیەرباخ بزردەبێت، تەنها ‹مارکس› یش دەبێتە خاوەندارێکی فەلسەفەی فۆیەرباخ. لەم رووەشەوە، هێندەی پێگەی فۆیەرباخ مارکسییانەیە، ئەوەندە فۆیەرباخییانە دەرناکەوێت. لێرەوە، توێژینەوەکە هەوڵی دەرخستنی رەسەنایەتی فەلسەفەی فۆیەرباخ لە دەرەوەی هەژموونی مارکسییزم دەدات. بەفۆیەرباخێک کە جیاوازە لەوەی مارکسیزم پێشکەشیکردووە ئاشنادەبین. رەسەنایەتییەکشی لە هەڵوەشاندنەوەی ئایدیالیزمیی ئەڵمانی لە فۆرمی هیگڵ و رەخنەکردنی بنەماکانی ئایین و رەگورِیشەکەی پتر دەردەکەوێت. جگەلە، پێشکەشکردنی پارادایمێکی نوێیە: جێگۆڕینی ‹بنە› و ‹بارە› کە لە هاوکێشە هیگڵییەکەدا ‹بنە›-بوون- کاردانەوەی ‹بار› دانراوە. لە هەر کوێیەک هیگڵ جەختی لە چەمکی خودا کردبێتەوە، فۆیەرباخ پێداگیری لە چەمکی ‹مرۆڤ›بوون کردووەتەوە. ئیدی، فۆیەرباخ رێخۆشکەری سەرەکی پرسیارە رەخنەییەکانی مارکسیزمە و هاوکاتیش ئاڕاستەی بیری فەلسەفە لە فۆیەرباخەوە بەرەو مرۆڤ لە بووندا دەڕوات.

**کلیلەووشەکان: فۆیەرباخ، تارمایی مارکسیزم، ماتریالیزم و ئایدیالیزم**



E-ISSN: 2790525-X

P-ISSN: 27905268-

## پێشەکیی

فۆیەرباخ (١٨٠٤ -١٨٧٢) گرنگە لەبەر فەلسەفەکەی نەک هەر لەبەرئەوەی قۆناخێکە لەمێژووی فەلسەفەدا و، گەیەنەرێکی دوو ناوی گرنگی وەک هیگڵ (١٧٧٠-١٨٣١) و مارکسە(١٨١٨-١٨٨٣) لە مێژووی فەلسەفەدا. هەرخۆی بایەخدان و راڤەکردن و رەخنەکردنی مارکسییزمیش بۆ هیگڵ لەسۆنگەی هەوڵی رەخنەیی ‹فۆیەرباخ› ەوە، پرشنگداریی دەستپێشخەریی لە پەرەسەندنی بیری مارکسییزمیشدا دەردەخات.

هەڵبەت، هەر ئەو راڤە مارکسییزمە باوەی کە سنووری رۆڵی ‹فۆیەرباخ› ی دەستنیشانکردووە، پێویستە خوێندنەوەیەکی تری بۆ بکرێت و، لەسۆنگەی فەلسەفەی فۆیەرباخ خۆیەوە تاوتوێبکرێت. بەدەربڕینێکیتر، دەبێت فۆیەرباخ لە هەژموونی ئەو خوێندنەوە رەخنەیی و بایەخدانە مارکسییەی کە زاڵە بەسەر وێنە و پێگەی فەلسەفەکەییدا رزگاربکرێت. چونکە، بەجۆرێک وێناکردنێکی گشتیی لە ژێر سێبەری ئەو بایەخدانەدا هەیە و فۆیەرباخ دەبێتە تارمایی و مارکسییزم هەموو سەرنجەکان بۆخۆی دەبات.

لێرەوە، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدرێت وەڵامی کۆمەڵێک پرسیار بدرێتەوە:

ئایا کاریگەری فیورباخ تەنها گەیاندنی ‹مارکس›ە بە› هیگڵ؟ چ رەسەنایەتییەکی جیاواز لە جیهابنینییدا هەیە؟

چشتێکی خستۆتەسەر کاروانی رەوتی فەلسەفە لە مێژوویدا؟ ئایا لە دارمانی ئایدۆلۆجیای ئەڵمانیی دا پێش ‹مارکس›، پێشەنگ و رێخۆشکەربووە؟

ئایا بایەخدانی مارکسییزم بە هیگڵ و فیورباخ، تەنها رێگەخۆشکردنێ نییە بۆ ئایدۆلۆجیایەک کە دواجار لەرێیی رەخنەکردنییانەوە کۆتایی فەلسەفەش رادەگەیەنێت؟

رەخنەکانی مارکس و ئەنگلس لە فۆیەرباخ، کە بە دیدێکی ئەبستراکت تەماشای مرۆڤی کردووە و لە دەرەوەی هەلومەرجی مێژووکرد دایناوە، بەمەش لە رەهەندە کۆمەلایەتییەکی دایماڵیوەوە. دواجار تێزەکانی فۆیەرباخ لە بۆچوونە سەرەتاییەکانی ماتریالستەکانی سەدەی هەژدە تێپەڕنەووە. تاچەند ئەم رەخنانە دروستن؟

لێرەوە، توێژینەوەکە هەوڵدەدات وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە. ئامانجەکەش رەواندنەوەی ئەو تەمومژەیە کە فەلسەفەی فۆیەرباخی شاردۆتەوە. هەروەها، خوێندنەوە و ناسینی ‹فۆیەرباخ›ە لە گۆشەنیگای تیژ و بۆچوونە رەسەنەکانی خۆیەوە. بەهۆی ئەوەی کە فۆیەرباخ کەوتۆتە نێو جومگەیەکی مێژوووییەوە، پێگەکەی تەنها لەسۆنگەی پردی نێوان ‹هیگڵ› و ‹مارکس› راڤەکراوە. ئیدی، قەتیسکردنی رۆڵی ئەو بە تەنها لەو جومگەیەدا، وایکردووە کاریگەریی لەسەر فەلسەفە بشاردرێتەوە. بە پشتبەستن بەسەرچاوە و میتۆدی شرۆڤە و شیکاریی و بەراوردکاریی، هەوڵدەدرێت ئەوە ساغبکرێتەوە کە هەژموونی مارکسییزم لە بایەخدانی بەتێزەکانی فۆیەرباخ، لەسەرێکەوە هۆکارێکە کە رۆڵی ئەو فەیلەسوفە لە ئایدۆلۆجیای مارکسییزمدا داپۆشێت.

## فەلسەفەکەی فۆیەرباخ وەک خۆی کە هەیە

خوێندنەوە و راڤە و رەخنەکانی هەر یەک لە مارکس و ئەنگلس سەبارەت بە فۆیەرباخ، چەندە بایەخدانە پێی، ئەوەندەش داپۆشین و شاردنەوەی کاریگەریی قوڵایی فەلسەفەیەکەیەتی. چونکە، خوێندنەوەی مارکسییزمانە -وەک بەرەیەکی ئایدۆلۆجیایی- کاراکتەری مارکس و ئەنگلس لەسەر حسابی فەیلەسوفە کاریگەرەکان زەقدەکاتەوە[١].

---

١ وەکچۆن رۆڵی روناکبیرێکی مەیدانی وەک ‹لینین› لەسەر حسابی روناکبیرێکی تیورسازی وەک ‹ترۆستکی› دەکەوێتەوە.

نکولیش ناکرێت، کە ‹زۆربەی توێژینەوەکان لەبارەی کارەکانی فۆیەرباخ، لەنێو ئەو توێژینەوە و باسانەدان کە بۆ مارکس و مارکسیزم تەرخانکراون (آفرون، ١٩٨١، صفحة ٥). ئەو توێژینەوانە، بۆخۆیان توێژینەوەیەکی سەربەخۆ و تایبەت بە فەلسەفەی فۆیەرباخ نەبوون، بەڵکو لەسۆنگەی مارکسیزم و ئەدەبیاتە ئایدۆلۆجیاییەکەوە کراون. هەروەها، لەبەرئەوەی، مارکسییزم بەجۆرێک پاش هیگڵ رووی پێشەوەی دیمەنە سەرنجڕاکێشەکانی رووداوە هزریی و مشتومڕە سیاسیەکانی سەردەمەکەی بۆخۆی بردبوو. تەنانەت، کاریگەریی و نێوبانگی هیگڵ کە پاش مردنی بەرەو کزیی دەچوو، لەرێی ئەوەی «دیالکیتیکە هەڵگێراوەی مارکس جێگرتەوە. ئیتر، فیورباخ لەم نێوەندەدا وەک فەیلەسوفێکی خاوەن جیهانبینی ئەو تیشکەی کە شایانیەتی لێبڕا. تەنها وەک ئامادەکار و رێخۆشکەرێک بۆ رەخنەی مارکسییزم خرایەڕوو.

لەکاتێکدا هەر لەناوی فۆیەرباخ کە «–فیور»- ئاگر و ‹باخ›-جۆگە- دەگرێتەوە، مەشخەڵێکە بۆخۆی. هەربۆیە ووتراوە، ناوەکەی ئاگرێکە بەربۆتە پۆتەڵاکی فەلسەفەی هیگڵ. هەروەها، جۆگەیەکیشە کە مارکس لێوەی فەلسەفەکەی پێ ئاودا (دیب، ١٩٩٤، صفحة ٢٠). بەڵام، هەر ئەم وەسفە ئەدەبییە، بەجۆرێک ناهەقیی و خۆنەبانکردنە لەگرنگی فەلسەفەکەی. بەتایبەت، پاش زاڵبوونی ئایدلۆجیای مارکسیزم لە باسوخواسەکاندا، هێندە رووناکی ئەوتۆ نەخرایەسەر فۆیەرباخ. پتر بەخوێندنەوە رەخنەییەکانی مارکس و ئەنگڵز لە فۆیەرباخ، بایەخە گرنگەکەی ئەو خرایە بن ئەو سێبەرەوە. لەمەوە، خاوەندارێتیکردنی تێزە رەخنەییەکانی فۆیەرباخ لەلایەن مارکس و ‹ئەنگڵز›ەوە، وایکرد رۆڵی بخزێنرێتە «بن کەوای مارکسیزم»ەوە. ئیتر، هەرچیی پرشنگی فەلسەفەی فۆیەرباخە لەسایەی هەژموونی مارکسیزمەوە زەوتکرا.

هەر ئەوەندەش بەس نییە بڵیین بایەخی فەلسەفییانەی فۆیەرباخ لە رایەڵکردنی فەلسەفەی هیگڵە بە مارکس. چونکە، ئەگەر بەڕواڵەت ئەو دەربڕینە رۆڵێک بە فۆیەرباخ بدات، لە لایەکیترەوە نەرێکردنی ناوەڕۆکی فەلسەفەکەیەتی و بەجۆرێکیش وا دەکەوێتەوە کە نووسینەکانی فۆیەرباخ خۆبەخۆ هیچ پێزێکی فەلسەفییانەی نەبێ، جگەلە رێگوزەرێ لە ‹هیگڵ›ەوە بەرەو ‹مارکسییزم›. هەندێکیتر، پێیوایە ئەرک و رۆڵی فۆیەرباخ پتر وەک شۆڕشە کە هەڵوەشاندنەوە و لەناوبردن و گۆڕینە. بۆیە، بەدەگمەن نەبێت، بەردێکی نەخستۆتەسەر داروپەردووی دامەزراندنی بابەتێکی کۆشک و تەلارئاسا... بەڵگەکەشی ئەوەیە کتێبی ‹چەند بنەمایەکی فەلسەفەی ئایندە›، لەگەڵ ئەوپەڕی شارەزایی و دەسترۆیشتووی نووسەرەکەیدا، هەر ئەو تێور و گریمانانەی لە ‹گەوهەری کریتستانێتیی› دا بە شێوازێکی هەمەجۆر دووبارەدەکاتەوە (عەزیز، پێشەکی، ٢٠١٣). بەو پێیە، ئەوەندەی رۆڵی فۆیەرباخ لە داڕماندایە، هێندە لە داڕشتن و دامەزراندنی سیستمێکی ئەلتەرناتیڤی فەلسەفییانەدا نییە.

هەڵبەت، رەخنەکانی فیورباخ رۆڵی لە هەڵوەشانەوەی بنەماکانی ئایدیالیزمی هیگڵ تایبەت بە ‹فەلسەفەی ئایین› گرنگە. چونکە، دواتر دەبنە زەمینەی رەخنەکردنی ئایدیالیزمی ئەڵمانیی لە مارکسییزمدا. بەڵام، کاریگەرییەکە هەر بەوەندەوە ناوەستێتەوە. نابێ خوێندنەوەی ئەلتەرناتیڤانەی فۆیەرباخ بۆ رەگوریشەی ئایین لەمێژوودا نادیدە بگیرێت. چونکە، بەو تێزە نوێییە، فۆیەرباخ باسوخواسەکان لەبارەی پاڵنەری ئایین لە مرۆڤدا، بردە قۆناخێکی نوێ و جیاوازەوە و کۆدی ئەو نهێنیەشی لەنێو مرۆڤدا دۆزیەوە. جگە لەوەش، تێزەی فەلسەفەی هەستەکیی-هەستەوەریی٢ بۆخۆی مۆرکی تازەگەریی فۆیەرباخی پێوە دیارە.

بۆیە، تەنها خوێندنەوەی فۆیەرباخ لە سەرچاوەی دەق و تێزەکانی خۆیەوە، ئەو دیوە شاراوەیە دەردەخات کە ‹فۆیەرباخ› ێ لەسۆنگەی مارکسییزمەوە نەبێت، بەڵکو تەنها لەخۆییەوە سەرچاوەبگرێت. وەک توێژەری

ناسراو ‹واترۆڤسکی› ئاماژە دەکات: ‹بۆ ناسینی فۆیەرباخ پێوستە لەسۆنگەی سێ پرسیارەوە بڕۆینە قوڵایی فەلسەفەکەیەوە: ١- بۆچی دەبێت بەجیدیی وەربگیرێ؟ ٢- دیالیکتیک لای فۆیەرباخ چییە؟ ٣- ماتریالیزم چییە و بەچ واتایەک ئەو ماتریالیزم و سنووری دیاریکردووە؟ (Wartofsky, ١٩٧٧(١٩٨٢), p. viii). هەڵبەت، لێرەدا جگە لە وەڵامی پرسیاری یەکەم، دوو پرسیارەکەی وارتۆفسکی بابەتێکی تایبەتە کە لەگەڵ پرسیار و گریمانە سەرەکییەکانیی ئەم توێژینەوەدا پێکنایەتەوە. لەبەرئەوە، بەدواچوونییان بۆ ناکرێت.

## فۆیەرباخ و فەیلەسوفەکانی بەرلەخۆی هیگڵ بەنموونە

ئاماژەکردن بە کاریگەری فەیلەسوفانی پێش فۆیەرباخ، باسێکی سەربەخۆ هەڵدەگرێت، لێرەدا باس لە کاریگەری سەردەمەکە و بەدیاریکراوی هیگڵ دەکەین. ئەوە روونە، سەردەمی فۆیەرباخ سەردەمی پەرەسەندنی خێرا و بەرچاوی زانستە سروشتییەکانە. وەک دیارە هێشتا زانستە مرۆییەکان (ئابوریی، سیاسەت و کۆمەڵناسیی) ئەو پەرەسەندنە پێویستەیان بەخۆیانەوە نەدیوە. بۆیە، بەجۆرێک فۆیەرباخ لەژێر کاریگەریی و ئاڕاستەی زانستییدا بووە. پێدەچێ بایەخدان بە ماتریالیزم لە ئاسۆی سەردەمەکەوە، زێدەری کاریگەریی زانست و دۆزینەوەکانی بووە لەسەری.

هەربۆیە، بەجۆرێکیش لە نزیکەوە فۆیەرباخ ئاگای لە بۆچوونەکانی ‹ئەوگست کۆنت› فەیلەسوفی فەرەنسایی هەبووە. بەتایبەت، کە ‹کۆنت› پێیوایە مرۆڤایەتی بە سێ قۆناخی مێژوویی‌دا تێپەڕیوە: -تیۆلۆجی-ئایین، -میتافیزیک و پاشان پۆزەتیڤیزم/زانست. مرۆڤ لەم قۆناغەیاندا ئیتر خۆی دەبێتە دەسەڵات و خاوەن هێز لە سروشتدا. هەمان شت لای فۆیەرباخ هەیە؛ فەلسەفەی نوێ دەبێت مرۆڤ و سروشتیش بکاتە بنەمای فەلسەف و مرۆڤایەتیی (Lange, ١٩٢٥, p. ٢٤٨).

هەڵبەت، لە قۆناخی لاوێتیدا، فۆیەرباخ بەجۆرێ هیگڵیی بوو. سەرەتا ئەو دەچێتە نێو وانەکانی هیگڵ، دەڵێ ‹بێئەندازە دڵخۆشم بە وانەکانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر ئەو بنەمایە نامەوێ ببمە هیگڵیی› (Lowith, ١٩٦٤, pp. ٢٨-٩). چونکە، خۆ ووتەنی ‹خەمی ئەو لەقۆناخەدا یەکەم بیری خودا، ئینجا ژیرو پاشان مرۆڤ بوو (Lange, ١٩٢٥, p. ٢٤٧). بەڵام، بەهۆی ئەوەی رەخنەگرتن لە فەلسەفەی ئایدیالیزمیی ئەڵمانی و بەتایبەت هیگڵ بەشێکی لەژێر کاریگەریی ‹رەوتی رۆمانتیزیم›دا بووە. لەو سەردەمەدا گلەیی لە ‹ئایدیالیزم› سەریهەڵداوە کە لە مرۆڤ دوورکەوتۆتەوە و فەلسەفەکەی بۆتە ‹کەڵەکە وشکە›. لەبەرئەوە، ‹رۆمانتسیزم› پرسیارێکی نوێ بەڕووی فەلسەفەدا واڵاکرد؛ دەبێت راستیی لە ژیاندا نەک دەرەوەیدا بێت. دیارە، هۆکارێکیش ئەوەیە کە سیستمیی فەلسەفیی هیگڵ لەسەر پلەبەندییەک دامەزراوە؛ کە راستی-هەقیقەت- بەسەر مۆراڵ و ئاکار و ئیستاتیک و بەسەر ‹بوون›یشدا باڵادەست بووە (Bowie, ٢٠٠٣, p. ٩٤) .

لەگەڵ ئەوەی فەلسەفەی ئایینی هیگڵ، خۆی لەزۆربەی بیرۆکە کریستیانە مێژووییەکان دادەبڕێ و بە ‹میتافیزیکی ڕامانەکی٣› دەیانگۆڕێت، ئەمە کاریگەری لەسەر فۆیەرباخ دادەنێت. بەڵام، لەبەرئەوەشی کە لە ووردودرشتدا شارەزای ‹کریستیانێتی بووە، بە ‹ئاگایی و هۆشیاری و سەربزێوی و چەتوونیەکی لە ڕادەبەرە›وە سەرقاڵی دەبێت. ئامانجەکەش، روونکردنەوەی ئەوەیە؛ چۆن هیگڵ گەیشتە ئەو بیرۆکە و تێگەیشتنە تایبەتانە (Hösle, ٢٠١٧, p. ١٤٢). فۆیەرباخ لە ‹کرۆک٤ی کریستانێتی› دا کە کاریکی سەرەتایەتی، پێیوایە دەبێت فەلسەفەی ئایدیالی هیگڵ بۆ فۆرمی فەلسەفەیەکی ئیمپریکی وەربگێڕدرێت. لەجێی تیۆری کۆمەڵایەتی هیگڵ،

٤ لێرەدا کرۆک بەرامبەر ووشەی جەوهەر بەکاردێت کە شیاوترە.

پێویسته توێژینەوەیەکی ئیمپیریک کە ‹بوون› بە مرۆڤ یەکسان بکات، هەبێت.

هەروەها، بەیەکجاری بیری ئایینی دوورەخارتەوە. لەمەشەوە، ‹خودا› وەک ئەندێشەی مرۆڤ جگەلە ‹پرۆجێکشن٥› پتر نییە (Gjesdal, ٢٠١٥, p. ٦٦٥). لەدیدی ‹فۆیەرباخ›دا، سیستمیی هیگڵ بە گەورەترین هەوڵی دامەزراندنەوەی کریستانێتییە لەڕێی فەلسەفەوە. لەکاتێکدا، بەهۆی ڕەخنەوە ئایینەکە تەواو پەکیکەوتبوو. چونکە، ڕەخنەگرتن لە باوەڕکردن بە ‹موعجیز›ە و بەڵگە باوەکانی ‹هەبوونی خودا› کە لە سەدەی هەژدەدا باوبوون، بە ڕەخنەکانی ‹هیوم› و ‹کانت› لاوازکرابوو (Gooch, ٢٠١٥). ئیدی، ڕەخنەکردني هیگڵ لای فۆیەرباخ، چەندە گرنگە هێندەش نیازێکی ڕوونە. چونکە، هیگڵ تیژ و بۆچوونێکی سەربەخۆی سەبارەت بە ‹بوون› نییە. بەڵکو، ئەوەی لەو بارەوە باسیکردووە، هەر لە میانەی ‹بیر/هۆش› و ‹ئاگاییە› کە لە نێو ‹بوون› دایە. بوونی ئاگایی، بەرجەستەبوونیەتی لە ‹بوون›دا نەک ‹بوون› لەخۆیدا. چونکە، ‹بوون› گرێدراوی هۆش و ئاگاییە، ئیتر بایەخیشی تەنها لە بایەخدانە بە ئاگایی و پرۆسەی خۆئاگایی. بەڵام، فۆیەرباخ ‹بوون›، ‹مادە› و لایەنی مرۆڤناسیی, دەکاتە بنەمای بووناسیی. بەو پێیەش، ‹بووناسی٦ جگەلە مرۆڤناسی٧ هیچتر نییە›. بەدەربڕینیکیتر؛ توێژینەوە لە ‹بوون› جگەلە توێژینەوە لە بوونی مرۆڤ و مرۆڤ لەبووندا هیچتر ناگرێتەوە. کەواتە، لەجیاتی ئەوەی ‹بوون› وەک بابەتێکی دەرەهەست و پەتی لێبڕوانرێت، دەبێتە بابەتێکی دیاریکراو و بەرجەستە.

لە قۆناخی بەرەو فەلسەفەی داهاتوو (١٨٣٩-١٨٤٣) بۆ یەکەمجار فۆیەرباخ لە کۆتایی ئەو کتێبەکدا خۆی لە هەژمونی هیگڵ دادەبڕێت و بەرەو فەلسەفەیەکی هەستەوەرییانە و ماتریالیستیی هەنگاو دەنێت. ئایدیالیزمیی ڕەها ڕەخنەدەکات. چونکە، ویستی دوالیزمیی سروشت / ڕۆح، کۆتا/ ناکۆتا بە ستیستمێک چارەسەرکات کە وادەردەکەوت ماف بە ڕوونکردنەوەی بونیادی ئاڵۆزی پرۆسەی سروشتی دەدات. بەڵام، ئەو سیستمە هیگڵیە نەیتوانی وەک پێوسیت بوونی سروشت لەخۆیدا ڕوونبکاتەوە. چونکە، نەیتوانی دینامیکی و هەبوونی سەربەخۆی سروشتەکە دیاری بکات. هیگڵ هەر ئەوەندەی توانی بیرۆکەیەک لە ‹بوون›دا بخاتەڕوو. بەڵام ‹بوون› کە تەنها لە ئاستێکی بیرۆکەییدایە. واتە، وەک بیرۆکە نەک وەک هەبوونێکی سەربەخۆ و ڕاستینە (Deranty, ٢٠٢٠). بۆیە، بەڕای فۆیەرباخ ‹فەلسەی ڕەهای ڕۆح› جگەلە پرۆفیسۆری ڕەها کە هیگڵ خۆیەتی هیچتر ناگرێتەوە (Lowith, ١٩٦٤, p. ٧٦).

هەر لە درێژەی ڕەخنەکردنی هیگڵ›، فۆیەرباخ پێیوایە ‹فەلسەفەی مۆدێرن› بەرهەمی تیۆلۆجیایە. بۆیە، فەلسەفەیەکە کە جگەلە تیۆلۆجیا، هیچتر نییە (Lowith, ١٩٦٤, p. ٧٧). لێرەوە، ‹ئەوەشی خۆی ڕادەستی فەلسەفەی هیگڵ نەکات، ڕادەستی تیۆلۆجیا نابێت› (Lowith, ١٩٦٤, p. ٧٧). خۆدەربازکردن لە هەژموونی فەلسەفەی هیگڵ، بەجۆرێکیش خۆڕزگارکردنیشە لە باڵادەستی تیۆلۆجیای ئایینی کریستیانێتی. ئیدی، بەدەستبردن بۆ فەلسەفەی هیگڵ و کۆتاییهێنان بەهەژموونی فەلسەفەکەی، وایکرد فۆیەرباخ ببێتە دیدگەی سەردەمەکەی (Lowith, ١٩٦٤, p. ٨٢). بۆیە، ڕەخنەکردنی هیگڵ هاوشانە بە ڕەخنەکردنی ئایین. چونکە، خاڵی هاوبەش و لێکچوو لە نێوان چەمکەکانی سیستمی فەلسەفیی هیگڵ و کریستیانێتییدا هەیە. بۆنموونە، نامۆبوون، بانگەشەی خاوەنداریێتی، چەمکی ڕاستیی و ڕاستیی ڕەها و هتد... هەر لەو سۆنگەشەوە، فۆیەرباخ پرسیار دەخاتەسەر فەلسەفەی ڕامانەکی-سپیکۆلاتیف-ی هیگڵ کە لە کتێبی ‹بەرەو ڕەخنەکردنی فەلەسەفەی هیگڵ› (١٨٣٩) ڕەنگدەداتەوە.

لەوێدا ئایدیالیزمیی ڕەها شەنوکەو دەکات و دەریدەخات چۆن ئەو سیستمە ئایدیالیستە، واقیع/ڕاستیی ڕەها

دەکاتە تەوەری سەرەکی فەلسەفە (Soares, ٢٠١٦). هەروەها، تەواو، ئەنتیتزەی ‹دەرکەوت و کرۆک›ی هیگڵ ڕەتدەکاتەوە. چونکە، ئەوە جگەلە دژەتێزەی نێوان دوو دۆخی ‹بوون› و لەسەر ئاستی ‹چەمک›ی پەتی هیچیتر نییە (Lange, ١٩٢٥, p. ٢٤٩). لەئەنجامدا، بۆ فۆیەرباخ واقیع و هەستەوەریی یەکن و لێکجیانابنەوە. راستی و هەستەوەریی هاوشوناسن٨ (Lange, ١٩٢٥, p. ٢٤٩). ئەگەر هەست نەبێ، بوونیش نییە و راستی بابەتیش نابێت (Lange, ١٩٢٥, p. ٢٥٠).

لە سۆنگەی فۆیەرباخەوە، فەلسەفەی ڕەهای کۆن، هەستەکانی ڕەتکردۆتەوە و بەزۆر خستویەتە نێو پانتایی دیاردە و دەرکەوتەوە. واتە، شتە-بابەتە- کۆتادارەکانەوە. لێرەوە، بە پێچەوانەوەشەوە ‹ڕەها› کراوە بە باڵا-خودایی (Lange, ١٩٢٥, p. ٢٥٢). لە هەوڵەکانی فۆیەرباخدا، رەخنەکردنی ئایین و ئایدیالیزم- هیگڵ رۆڵی سەرەکی دەگێڕێت (Gjesdal, ٢٠١٥, p. ٢٢٤). چونکە، فەلسەفە و ئایدیالیزم یەکسان دەبینێ. لەبەرئەوەی ئایدیالیزمی ڕەهای هیگڵ بە کەڵەکەبوونی کۆی فەلسەفە داناوە. لێرەوە، فەلسەفە بە ‹ئەنترۆپۆلۆجیا›یەکیی فەلسەفییانە کە خەسڵەتێکی ئیمپیریی بەهێزی هەبێ، دەگۆڕێت. ئەنترۆپۆلۆجیایەک کە دواتر کاریگەریی بەردەوامی بەسەر فەلسەفەی مارکسەوە دەبێت. هاوکات، وەک لەخاڵە سەرەکیەکانی لێوەدەرچوونی مارکس لە بیری ‹باوەر›(Bauer)ەوەو هەروەها دەرچوون لەبۆچوونەکانیی خۆی پێش ساڵی(١٨٤٣) دادەنرێت (Gjesdal, ٢٠١٥, p. ٢٢٤).

چونکە، لەگەڵ فۆیەرباخ دا، چیتر باڵاترین دەسەڵاتی رەخنەی فەلسەفە ‹خۆئاگایی›٩ نییە. بەڵکو، بووونی مرۆڤ وەک یەکەیەک-قەوارە- کە لە جەستە و هزر پێکدیت. ئەم هەوڵەش ئەوە دەگەیەنێ کە کرۆکی مرۆڤ خۆی لە تاکێکی ‹مرۆڤ›دا دەرناخات. بەڵکو لە جۆری هەموو مرۆڤایەتیدا (Gjesdal, ٢٠١٥, p. ٢٢٤). واتە، گۆڕینی بایەخدان بەمرۆڤ وەک چەمکێکی هەمەکییە نەک هەندەکی. هەڵبەت، لە دیدی هەریەک لە ‹فۆیەرباخ› و ‹مارکس›دا، سروشتی ئەبستراکتی هیگڵ بە شکستی سیستمەکەی کەوتۆتەوە. چونکە، نەیتوانیوە دەستنیشانی دۆخی مادی ئاگایی مرۆڤ بکات. لەکاتێکدا، ئاگایی مرۆڤ، سروشتی خۆی لە هێزە مادییە جیاوازەکانەوە وەرگرتووە. لە دۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەیەوە سروشتەکەی وەرگرتووە. لەبەرئەوە، فۆیەرباخ پێیوایە دەبێ فەلسەفە لە خۆیەوە نا، بەڵکو لە دژەکەیەوە -نافەلسەفە-وە دەستپێبکات و بفەلسفێنێت. واتە، فەلسەفە دەبێت لە نافەلسەفەوە بفەلسفێت (فۆیەرباخ, ٢٠١٣, لاپەڕە ٣١). واتە، لەهەستکردن، سروشت و مرۆڤەوە بفەلسەفێ و هەنگاوی بیرکردنەوە هەڵبگرێت، نەک لە بیرۆکە ئەبستراکت و تیوری داماڵراو لە واقیعەوە. لەبەرئەوەی ‹فەیلەسووف چۆنە، فەلسەفەش هەروایە. هەروەها بەهیچ جۆرێ سروشت لە بوونی مرۆڤ جیاناکرێتەوە (فۆیەرباخ, ٢٠١٣, لاپەڕە ٣١).

جگەلەوەش، بیرۆکە لە هەبوونەوە نەک ‹بوون› لە بیرۆکەوە دێتەبوون (Feuerbach L. , ٢٠١٢, p. p:٥٣&٤٥). بەجۆرێکیش ‹مارکس› هەمان بۆچوونی لە ڕستیەکدا دەربڕیوە: ‹ئەوە ئاگایی نییە کە ژیان دەستنیشان دەکات، بەڵکو پێچەوانەکەی ڕاستە (Gjesdal, ٢٠١٥, p. ٦٢٢). بەڕای فۆیەرباخ گرفتێکی لۆجیکی هیگڵ، ئەوەیە کە هەر تیۆلۆجیایە بەڵام بەلای ژێر و هەنووکەدا هێنراوە› و دواتر ‹تیۆلۆجیاش بە لۆجیک گۆڕاوە› (فۆیەرباخ, ٢٠١٣, لاپەڕە ١٥٥). چونکە، تێیدا لێکچووون لە نێوان لۆجیک و خەسڵەتەکانی ‹جەوهەری خودا›دا کە ئەبستراکت-ە کراوە (فۆیەرباخ, ٢٠١٣, لاپەڕە ١٥٥). بەوپێیەش دەبێت ئەوانەی لە ‹سروشت›دا هەن، لە ئاسمانی ‹لۆجیکی

٨ Identic
٩ Self-consensuses

خواوەند›یشدا هەبن وەک؛ چەندێتی، چۆنێتی، پێوانە، جەوهەر، ئەلکیمی، میکانیزم، ئۆرگانیزم› (فۆیەرباخ, ٢٠١٣, لاپەڕەکان ١٢-٣).

کەواتە، ‹تێزەکانی چاکردنی فەلسەفە›، مانڤێستی هەڵوەشانەوەی هیگڵ›یشە. چونکە بە چاکسازیی لە فەلسەفەدا ئەوەش دەگاتە ئاکام. لەبەرئەوەی، ‹فەلسەفەی هیگڵ ئاوەژووکردنی ئایدیالیزمی تیۆلۆجییە، فەلسەفەی سپینۆزاش ماتریالیزمی تیۆلۆجییە› (Feuerbach L. , ٢٠١٢, p. §٢٣). لەکاتێکدا فەلسەفەی هیگڵ هەروا مایەوە و نەیتوانیَ دژیەکی ‹بیر› و ‹بوون› تێپەڕێنێت١٠ (Feuerbach L. , ٢٠١٢, p. §٢٨).

کاریگەری فەلسەفەی فۆیەرباخ لەسەر فەلسەفە

فۆیەرباخ لە›چلەکانی› سەدەی نۆزدەدا ناوبانگی دەرکرد. هەر لەهەمان دەیەشدا، ناوبانگی داڕما و هاڕەیکرد (Hanfi, ٢٠١٢, p. ١). بەڵام، فۆیەرباخ لە خاکەڕاییەکەیدا هەر بە یەکێک لە دامەزرێنەرانی فەلسەفەی هەستەوەریی دادەنرێت (Hanfi, ٢٠١٢, p. ١). ڕەنگە، ڕێکەوتی مێژوویی وایکردبێت کە پاشخۆی گۆڕانکارییەکی گەورە و ڕووداوی کاریگەر لە مێژووی سیاسیی و کولتوورییدا بەسەر ئەوروپاداهات. ئەمەش، بەجۆرێک نێوبانگ و دەنگۆی لەبەرچاوان ڕامالّی. وەک فێرخوازێکی هیگڵ، فۆیەرباخ لە نزیکەوە بنەما و تێزەکانی فەلسەفەی هیگڵیی تاوتوێکردووە و ئاگاداری کەلێن و کەموکورتیەکانیشی بووە. بۆیە، بە ئاسانی نەگەیشتۆتە ئەو بۆچوونە کە ‹نهێنی دیالێکتیکیی هیگڵ لە کۆتاییدا جگەلە نەرێکردنی١١ - لاهوت بەناوی فەلسەفەوە و هەروەها نەرێکردنی فەلسەفە بەناوی تیۆلۆجیاوە هچیتر نەبووە (فیورباخ، ١٩٧٥، صفحة ٢٦٨).

هەروەها، واستایشیی هیگڵ کردووە؛ ‹هیچ کەس لە فەلسەفەی دێرین هێندەی ئەو لە مێژوو نزیک نەبووە. بەڵام، دەبێت مێژوو و فەلسەفە سەگەرمی رابوردوو نەبێت، بەڵکو ئێستە- هەنووکە بێت (Wartofsky, ١٩٧٧(١٩٨٢), p. ٥٣). ئیدی، گێڕانەوەی مێژوویی، رابووردوو نییە. بەڵکو، دەرخستن و هەڵمالّینی ناوەڕۆکی ڕاستییەکان خۆیەتی (Wartofsky, ١٩٧٧(١٩٨٢), p. ٥٤). بۆیە، لە هەنگاوێکی رادیکالانەدا هەوڵییدا ‹فەلسەفە› لە تۆزوگەردی تیۆلۆجیا/ ئایین و میتافیزیک و ئایدیالیزمی هیگڵ بتەکێنێ. ئەمەش بە نزیکبوونەوە لە مرۆڤ- ئەنترۆپۆلۆجیا دەبێت. پێویستە هەر ئەوەش بکرێتە کرۆکی تێگەیشتن لە ئایین و هەستی باوەڕداری مرۆڤ. لێرەوە، هەڵگێڕانەوەی هاوکێشەی دۆگماکە ئایین: «مرۆڤ خودای لەسەر وێنەی خۆی دروستکردووە» لای فۆیەرباخ ئاوەژوو دەبێتەوە (Feuerbach, ١٩٥٧, p. ١١٨). ئەمەش پێچەوانەی ووتەکەی ‹پۆڵس›ە کە دەڵێ: «خودا مرۆڤی لەسەر وێنە خۆی درستکردووە».

ئیتر مرۆڤ دەبێتە چەقی فەلسەفە و ئەم لێکدانەوەش وایکرد تێگەیشتن و شرۆڤە رەخنەییەکانی ڕەسەن و قورساییان پتر بێت. بەڕای فۆیەرباخ ‹ڕاستی لەبیردا یان لەزانینێک بۆخۆیدا نییە، بەڵکو تەنها لە تێکڕای ژیانی مرۆڤ و هەبوونیەتی (Feuerbach L. , ٢٠١٢, p. §٥٨). مرۆڤ و سروشت دەبنە بابەتی ‹بوون›. فەلسەفە زانێنیکە سەبارەت بەوەی کە بە ڕاستی هەیە و دەبێت هەر بەو جۆرەش بیر لەشتەکان-هەبووەکان-، بابەتەکان-جەوهەر- بکرێتەوە کە خۆیان چۆنن (نەک ئەوەی کە ئێمە چۆن دەیان بینین). ئەمەش بالاترین ڕێسای فەلسەفەیە (فۆیەرباخ, ٢٠١٣, لاپەڕە ٢٠). لەمەوە، فۆیەرباخ میتافیزیک بەجیدەهێڵێ و دەیخاتە دەرەوەی فەلسەفە. هەر بۆیە، دەشێ ڕاستی/واقیع بە ڕاستی-بابەتی- دەربڕێت. چونکە، «ڕاستی سادە و ساکار، دەستنیشانکراوە و نیشانەی فۆرمەکی فەلسەفەی ڕاستینەیە» (فۆیەرباخ, ٢٠١٣, لاپەڕە ٢٠).

١٠ دیارە هیگڵ رەخنەی ئەوەی لە کانت هەبوو کە لە فەلسەفەکەییدا ‹بیر/ژیر و ‹بوون›ی لێکدابڕیوە!

١١ negation

لێرەوە، بابەتی ‹بوون› کە فەلسەفە لێوەی دەستپێکردووە، ناکرێت لە هۆش دابپرێت، وەکچۆن ناکرێ هۆش لە ‹بوون› دابپرێ (فۆیەرباخ, ٢٠١٣, لاپەڕە ٢٠). ئیدی، هەست/هۆش و بوون ناکرێ لەیەکتر جیابکرێنەوە و دابپرێنرێن. هەروەها، فۆیەرباخ دیالێکتیکی ‹هیگڵ› ڕەتدەکاتەوە. چونکە، دیالێکتەکەی مۆنۆلۆگێکە لە خۆیدا: «لە کاتێکدا دیالۆگی راستینە، خۆدوواندن-مۆنۆلۆگیکی- گۆشەگیرانەی مرۆڤی تەریک نییە لەتەک خۆیدا. بەڵکو، دیالۆگێکە لەنێوان ‹من› و ‹تۆدا›. لێرەدا، فۆیەرباخ دیالێکتیک بە هاوواتای دیالۆگ بەکاردەهێنێت (Feuerbach L. , ٢٠١٢, p. §٦٢). هەر لەمەشەوە فۆیەرباخ فەلسەفەکەی بە «فەلسەفەی سەردەمێکی نوێ» دادەنێت، فەلسەفەی مرۆڤ نەک خودا، ئایین، ڕۆحی رها و بیرۆکەی پەتی ئایدیالیزم. بۆیە، ‹ئەرکی سەردەمی نوێ بریتیبوو لە بەدیهاتن -بە راستیبوون- و بە مرۆڤبوونی خودا کە گۆڕین و تواندنەوەی تیۆلۆجیایە لە ئەنترۆپۆلۆجیادا (Feuerbach L. , ٢٠١٢, p. ١٧٥).

شایانی ئاماژەکردنە کە هەردوو دەقی ‹چاکسازی لەفەلسەفە و ‹ناچاریی گۆڕانکارییەک› فۆیەرباخ هەوڵیداوە پێناسەی ئەرک و رۆڵی فەلسەفەو فەیلەسوف بکاتەوە. بەتایبەت لە ‹ناچاریی گۆڕانکارییەک› (١٨٤٢-١٨٤٣)دا هەستدەکرێت فۆیەرباخ مانفێستێک دەنووسێ کە خۆڕزگارکردنێکە لە هەر جۆرە بیرکردنەوەیەکی پێشووتر. ئەوەش بەسەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی فەلسەفە، راستی بە جیاواز لە ‹فەلسەفەی مۆدێرن› دەخاتە چوارچێوە مرۆییەکەوە. بۆیە، فۆیەرباخ دەڵێت: «دەبێ بپرسین؛ ئایا ئێمە لەبەردەم دەروازەی قۆناخێکی مرۆڤایەتی نوێدان یان هەر لەسەر ڕێچکە کۆنەکە برۆین؟ یان دەستبەرداری وێنە کۆنەکە بۆ ‹مرۆڤ› بهێنین؟ تەنها ئەو گۆڕانەی کە ‹فەلسەفە لەگەڵ پێداویستی کات و مرۆڤایەتی دێتەوە، دەکرێت ناچاریی و راستینەبێت›.

کەواتە، ‹ئایا لە ئێمەدا شۆڕشێکی پەیوەند بەئایینەوە، ڕوویداوە؟ بەڵی. لەمەوە، فۆیەرباخ پرسی «شۆڕش» لەسەر ئایین چڕدەکاتەوە (نەک ئابوری و کۆمەڵایەتی) کە بە وەلانانی ئایینە و قۆناخێکی نوێی دامەزراندووە. لەمەشەوە، فەلسەفە جێی ئاینی گرتەوە. بەڵام، فەلسەفەیەکی ئەوپەڕی جیا جێی ئەوەی پێشووی گرتەوە. چونکە، ئەو فەلسەفەیەی کە تائێستا (هیگڵ، ئایدیالیزم) لە ئارادابووە، نەیتوانیوە جێی ئایین بگریتەوە. بۆ ئەوەی فەلسەفە جێپێی ئایین بگرێتەوە، دەبێت فەلسەفەکە ‹ئایین›ی نەبێت. بەدەربڕینێکیتر، فەلسەفەیەک خۆی وەک بڕوایەکی ئایینیی نەبێت، بەڵکو لە پێگەو ئاستی گرنگی ئایینیدا بێت.

## فۆیەرباخ وەرچەرخانێک لەفەلسەفەدا

دەکرێت وەرچەرخانی فەلسەفەکەی بە دووبارادا باسبکەین؛ گەڕانەوە بۆ مرۆڤ وەک تێگە و بنگەی شرۆڤە و لێکدانەوەی ڕەگوڕیشەی ئایین و میتافیزیک لەلایەک. لەلایەکیترەوە، ڕێچارەی دەربازکردن و ڕیفۆرمکردنی فەلسەفە. ئەوەش بە گەڕانەوە بۆ هەستەکان وەک بنەمایەکی فەلسەفاندن دەبێت. هەندێک وەرچەرخانی فۆیەرباخ بە دەستکەوتێکی مەزن لە مێژوودا دەچوێنن وەک ئەوەی سێسەدساڵ لەمەوبەر ‹کۆپەرنیکس› و ‹کیپڵەر›و ‹گالیلی› کردی، ‹فۆیەرباخ›یش بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی کردی. بۆیە، ئەو ڕێخۆشکەری سەردەمەکەیە. لێرەوە، هیچ ڕێیەکیتر بەرەو راستی نییە جگەلە ڕێبازەکەی ‹ئەو›. ئیدی، کارەکەی شۆڕشێکی ئیپستیمۆلۆجییە کە نهێنی تیۆلۆجیای ئاشکراکرد (زاس, ٢٠٠٢١).

بە پێچەوانەی بۆچوونە باوەکەشەوە کە فۆیەرباخ رۆڵێکی لاوەکی لە فەلسەفە و هزری ئەڵمانیدا هەبووە یان پتر گەیەنەری مارکس بە هیگڵ بووە، یاخود بایەخی کارەکانی تەنها لە جوخزی رەخنەکردنی تیۆلۆجیا

و ئاییندا چڕبۆتەوە، دیوێکیتری فەلسەفەکەی دەیسەلمێنێت. بەتایبەت کاریگەری و دەستپێشخەری سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی فەلسەفەیە لە «فەلسەفەی ئاییندە»دا. جگەلەوەش داهێنان لە چەمکی «هەستەوەری/ هەستیاری»١٢دا کردووە. مەبەستییش لە ‹هەستەوەری› بریتییە لە یەکێتی نێوان لایەنی ڕۆحەکی/دەروونی و مادەکی پێدراوەکان. چونکە، دەروون و مادە هەمان واقیع و راستییان هەیە (Soares, ٢٠١٦). بەبێ ئەو دووانە ناتوانین بزانین. لەبەرئەوە، ‹فەلسەفەی هەستەوەری هۆشیار› دەبێتە نێوەندی فەلسەفەکەی. ئەوەی ڕاستە لە راستی خۆیدا بریتییە لە بابەتی هەستەکان.

ئیدی، راستی١٣ و ڕاستێتیی١٤ هۆشمەندی هاوشوناسن. تەنها ئەوەی هەستپێکراوە راست و پێدراوێکی راستە. ئەم زانینەش تەنها بەڕێی ئەو بابەتە پێدراوەی هەستکردنی راستەوەیە، نەک تەنها لەڕێی بیرکردنەوەوە (Feuerbach L. , ٢٠١٢, p. §٣٢). خاڵێکیتری دەستنیشانکەری وەرچەرخانی فەلسەفیی، گەڕانەوەیە ‹بۆ مرۆڤ(ئەنترۆپۆلۆجیا) نەک ئایدیای ‹ڕەها›/خودا. گەڕانەوەکەش کلیلی چوونە ژوورەوە و کۆدی تێگەیشتن و دەرگەی نهێنی میتافیزیک و ئایینە. هەر وەک خۆی لەپێشەکی کۆکارەکانیدا ووتویەتی؛ «گرفتەکە بوون و نەبوونی خودا نییە، بەڵکو بوونی مرۆڤە... گرنگ نییە باوەڕدابین یان نا، بەڵکو ئادەمیزاد لە ڕووی جەستە و ئازادی و چالاکی و زیندەچالاکیەوەیە... ئەوەی لای من گرنگە ئینیکاریکردنی بوونی خودا نییە. بەڵکو نکولیکردنەیە لە بوونی مرۆڤ (Kamenka, ١٩٧٠, p. ١٥).

تیۆلۆجیستی ناسراو ‹کارل بارت›یش لە پێشەکی کتێبی کرۆکی کریستانێتییدا دەڵێت: «هیچ یەکێک لە فەیلەسوفە نوێیەکان هێندەی فۆیەرباخ بەتیۆلۆجیاوە سەرقاڵنەبووە و ئایین وەک ئامانجی توێژنیەوە وەرنەگرتووە. بۆیە، بایەخدانی بە ئایین و بەهۆی توێژینەوەکانی لەبارەی دەقی پیرۆزەوە، دەیخاتە سەرووی زۆربەی فەیلەسوفەکانی ترەوە. پاشان هیچ فەیلەسوفێک بەهەمان کاریگەری و هێندەی ئەو لەئاییندا قوڵنەبۆتەوە. بۆیە، لەو فەیلەسوفە دەگمەنانەیە کە بەشێوازێکی زۆر ڕاقی لەبارەی ئایینەوە نوویسیەتی (Barth, p. x).

پارادیمە نۆیەی فۆیەرباخ لەوەدایە کە گەڕانەوە بۆ مرۆڤ دیوە نهێنیەکەی ئایینە. چونکە، لە وێدا مرۆڤ بە داپۆشراویی و خەفەکراویی ماوەتەوە و لەجێی ئەو خودا، رەها و رۆح زەقکراوەتەوە. بۆیە، فۆیەرباخ خۆی ‹بە شایەتحاڵی کۆتایی قۆناغێکی مێژوویی درێژ دادەنێت کە هاوکات بەردی بناغەی قۆناغێکی نوێ دادەڕێژێت؛ ‹بێباوەڕی جێگەی باوەڕی گرتەوە، چونکە، ژیر لە جێی ئینجیل، پێگەی کڵێسا و ئایین بە سیاسەت پڕکرایەوە. ئاسمان بە زەوی و نویژ بە ‹کار› و دۆزەخیش بە پێداویستییە مادییەکان و لە شوێنی باوەڕداری کریستیانیش، مرۆڤ جێیگرتەوە› (فۆیەرباخ, ٢٠١٣, لاپەڕە ٢٥٦).

دواجار، لەتەک بەرەوپاشچوونی کڵێسا و باوەڕ و ئاییندا، بانگەوازی ‹فەلسەفە نوێ چییە›ی ڕاگەیاند. فەلسەفەی نوێش بریتییە لە ‹پەرستنی ئەوەی ڕاستە -وەک خوایەک- ئەوەی بوونی مادیی هەیە لە ماتریالیزم و ئیمپیریزم و ریاڵیزم و هیومانیزم- بریتیە لە رەتکردنەوەی تیۆلۆجیا کە ئەمانە کرۆکی سەردەمێکی نوێن› (Feuerbach L. , ٢٠١٢, p. §١٥). فەلسەفە نوێیەکە دەبێ ‹ماتریالیست و ئیمپریی و ریالیست و هیومانیست›یش بێت. ریالیزم ئەوەیە بایەخ یان تەنها بیر لەوەی کە بوونی مادی هەیە بکرێتەوە. ماتریالیزم بە واتا مارکسییەکەی نا. چونکە، فۆیەرباخ لە وەڵامی ئەوەدا کە راستی چییە؟ جیاواز لەوەی کە لە بیری ماتریالیزمی باودایە و راستی

١٢ لە فەرهەنگی ‹ئازادی›دا (Sensibility) بەهێزی هەست. توانای پێزانین، هەستتێژیی، هەستیاریی، هۆشوهەست و هەستناسکی هاتووە.
١٣ Truth
١٤ reality

تەنها بە هاوشوناس و هاویەکی ماددە دانراوە. دواتریش لەتەک سروشت دا هاوشوناسکراوە. بۆیە، ئەو جۆرە ماتریالیزمە بەپلەی یەک بۆتە فەلسەفەی سروشتی.

بەڵام، ماتریالیزم لای فۆیەرباخ فەلسەفەی سروشتی-فیزیک-نییە، بەڵکو ئەنترۆپۆلۆجیایەکە کە مرۆڤ وەک بەشێک لەسروشت دەبینێت. فەلسەفەی نوێ مرۆڤ و سروشتیش وەک بنەمای مرۆڤ و رۆح و گەردوون و ئامانجی باڵای فەلسەفە دادەنێت. ئەمەش ئەنترۆپۆلۆجیا دەگرێتەوە کە فیزیک دەبێتە زانستێکی گەردوونی هەمەکی، بنەماکانی فەلسەفەی ئایندە (Feuerbach L. , ٢٠١٢, p. §٥٤ ). لێرەوە، کرۆکی مرۆڤیش بریتیە لە بوونی جڤاکی مرۆڤ و یەکێتی جۆری مرۆڤ لەتەک مرۆڤدا. ئیدی یەکێتییەک کە تەنها لەسەر بنەمای راستی جیاوازی ‹من› و ‹تۆ› دەبیت (Feuerbach L. , ٢٠١٢, p. §٦٠).

رەهەندێکیتری وەرچەرخانی فۆیەرباخ ئەوەیە، لایەنداری زانستخوازی بووە و چووتە ریزی زانستەوە. بە پێچەوانەی ئایدیالیستەکانەوە کە پتر لە تیۆلۆجیاوە نزیکتربوون (Bayertz, ٢٠١٥). جگەلەوەش، لایەنێکیتری فەلسەفەکەی جیاکردنەوەی وەهمی ئایینی و واقعە (Bayertz, ٢٠١٥). بۆیە، ماتەریالیزم و ‹هێز› لای فۆیەرباخ ئەوەیە کە هێز وەک خەسڵەتی مادە دادەنێت (Lange, ١٩٢٥, p. ٢٥٠).

## رەسەنێتی فۆیەرباخ پارادایمی جێگۆڕکێکردنی ‹بنە› و ‹بار›ە

رەسەنێتی فەلسەفەی ‹فۆیەرباخ› لە پێشکەشکردنی پارادایمێکی نوێیە. ئەگەرچی، بەردەوام هیگڵ رەخنە دەکات. بەڵام، ئەڵتەرناتیڤیشە بۆ بۆچوونەکانی هیگڵ هەیە کە بریتییە لە جێگۆڕکی بە ‹بنە١٥› و ‹بار١٦›. لای هیگڵ ‹بنە› کاردانەوەی ‹بار›ە. لەکاتێکدا، راستی ‹بار›ی وابەستەی هێزێکی سەربەخۆ و جوڵێنەرە (Gjesdal, ٢٠١٥, p. ٢٢٤). لە کاتێکدا هیگڵ جەختی لە چەمکی خودا کردۆتەوە، فۆیەرباخ پێداگیری لە چەمکی ‹مرۆڤ›بوون کردووە. لە هەر جێیەکدا هیگڵ ووتبێتی ‹خودا›، فۆیەریباخ ووتویەتی مرۆڤ (Garudy, ١٩٦٧, p. ٢٥).

لەمەشەوە فۆیەرباخ ئاڵوگۆڕی بەسەر هاوکێشە ‹هیگڵ›یەکدا هێناوە. لای هیگڵ ‹بنە›کە بیرۆکە و ئایدیایە و ‹بار›یش بوونە. بەڵام، فۆیەرباخ بوونی کردە بنە و بیرۆکەشی کردووە بە بار. ئیتر، لە هەر جێیەک بیرۆکەی رەها/خودا بێت، لەوێدا مرۆڤ دادەنرێت. مارکس ئەم هەڵگێرانەوەی فەلسەفەی فۆیەرباخی لە دەستەواژەیەکدا پوختکردۆتەوە: بیر رەنگدانەوەی جیهانە نەک بە پێچەوانەوە جیهان رەنگدانەوەو بەرجەستەبوونی بیرۆکەی رەهابێت. کەواتە، بنەڕەتەکە بوونە-بوونی مادی مرۆڤ- نەک بیرۆکەی پەتی. هەرئەم ئاڵوگۆڕ و وەرگێرانەی فۆیەرباخ، وایکردووە ‹ئەنگڵز› دانپێدانێک بکات: ‹ئیتر هەمووماں بووینە فۆیەرباخی› (Garudy, ١٩٦٧, p. ٢٥). هەروەها، دیالێکتیکی فۆیەرباخ، دیالیکتیکی سۆکراتییە تا ‹هیگڵ›یانە بێت. چونکە، ئەو دیالێکتیکی ‹هیگڵ› رەتدەکاتەوەو پرسەکە لە تێگەیشتنی ئەودا هەر ئاگایی نییە، بەڵکو ئاگایی خۆی جێبایەخەکەیە (Wartofsky, ١٩٧٧(١٩٨٢), p. vii). رەخنە ئیپستیمۆلۆجیەکەشی لە ‹خۆئاگایی› و ئایدۆلۆجیا فەلسەفەی ئایدیالیزم گرنگن. هاوکات تێگەیشتن لە سروشتی کۆمەڵایەتی باوەڕ (Wartofsky, ١٩٧٧(١٩٨٢), p. ix). بەڕای ئەو، بۆیە دەبێت وەک فەیلەسوفێک بەهەند وەربگیرێت. چونکە، لە روانینەکانییدا قوڵ و روونە (Wartofsky, ١٩٧٧(١٩٨٢), p. ١). خاڵێکیتر کە بەسەر بەشێکی راڤەکاراندا تێپەڕیوە، رەسەنێی کاراکتەرە بنەڕەتیەکەیەتی لە رەخنەکردنی فەلسەفەدا. لەبەرئەوە، یەکەمین و مەزنترین فەیلەسوفی مۆدیرنە کە لە دەرەوەی ‹نەریتی پۆزەتیڤیزم› فەلسەفە

١٥ subject
١٦ Predicate

رەخنەکـردووە، بەتایبـەت فەلسـەفەی پیشـەیی(هیگڵ بەنوومەنـە) (Wartofsky, ١٩٧٧(١٩٨٢), pp. ١-٢). هەروەهـا، ئـەو فەلسـەفە لـە ئەنترۆپۆلۆجیـادا کورتدەکاتـەوە (Wartofsky, ١٩٧٧(١٩٨٢), p. ٢). پێناسـەی فەلسـەفەش دەبێتـە پرۆسـەی تێگەیشـتنی مـرۆڤ لەخـۆی و زانیـن لەبـارەی خۆیـەوە لـە سروشـتدا، نـەک وەک فەلسـەفە ترانسـێندێنتاڵ کانـت یـان ئایدیالیـزم هیـگڵ. بەڵکـو، پرۆسـەی خۆئاگایـی لـە هەسـتکردن، پێداویسـتی و کردەوەکانـی مرۆڤـدا رەنگدەداتـەوە (Wartofsky, ١٩٧٧(١٩٨٢), p. ٣).

لەمـەوە، فەلسـەفە رەنگدانـەوەی ئـەو رەهەنـدە مرۆییانەیـە و دەبێـت هـەر لەوسـۆنگە و راڤـە و شرۆڤەکانیـی بـکات نـەک میتافیزییکیانـە و تیۆرییانە-فێرگەییانـە- لـە پرسـەکان و بابەتـەکان بدوێـت. لێـرەوە، پێناسـەکردنەوەی فەلسـەفە و دەستنیشـانکردنی ئـەرک و رۆڵـی فەلسـەفە، دیـووە پرشـنگدارەکەی فۆیەرباخـە کـە لای بەشـێکی راڤـەکار و شرۆڤـەکارەکان فەرامۆشـکراوە. بۆیـە، دەبێـت فەلسـەفە لـە نا-فەلسـەفەوە دەسـتپێبکات و دەڵـێ: «فەلسـەفەکەم-فەلسـەفە نییـە. ئایینەکـەم ئاییـن نییـە» (Wartofsky, ١٩٧٧(١٩٨٢), p. ١١). جیانەکردنـەوە و دانەماڵینـی فەلسـەفە و ئاییـن لـە رەهەنـدە مرۆییەکـە دەسـتکەوت و داهێنانێکـی فۆیەرباخیانەیـە.

فەلسـەفەی داهاتـوو لای فۆیەربـاخ ئەرکـی ئەوەیـە فەلسـەفە لـە کایـەی دەروون/رۆحـەوە بـۆ کایـەی رۆحێکـی ژینکـرد و زینـدوو لـە ژیانـدا بگوازێتـەوە (Wartofsky, ١٩٧٧(١٩٨٢), p. ١٩٦). بـە پێچەوانـەی هیـگڵ چەمکـی ژێـر لـە فەلسـەفە نوێیەکەیـدا بـە ‹بنەمایەکـی یەکگرتـوو و هەمەکییـە بـۆ هەمـوو. بۆیـە، فۆیەربـاخ تاکـەکان دادەنێـت› (Wartofsky, ١٩٧٧(١٩٨٢), p. ٣٠). ناسـنامە پێدراوێکـی پێـشر نییـە، بەڵکـو بەدەسـتهێنانی لە پرۆسـەیەکی مرۆڤکردایە (Wartofsky, ١٩٧٧(١٩٨٢), p. ٣١). کرۆکـی مـرۆڤ چیـە لای فۆیەربـاخ؟ کرۆکەکـە هاوتـاو هاوشوناسـە لەگـەڵ بوونـی وەک «جۆر/رەگـەز» (Wartofsky, ١٩٧٧(١٩٨٢), p. ٢٦٥). هەروەهـا، فۆیەربـاخ بـە پێجەوانـەی ‹هیـگڵ›ەوە کـە ئاگایی هـەر چالاکـی بیرکردنەوەیـە، بەبـێ نـاوەڕۆک نییـە. هـەر ئاگاییـەک ئەگـەر بەبـێ هیـچ ناوەڕۆکێـک دیارینەکرابێـت کـە چالاکـی زانینـە بـە ‹نا-بـوون دادەنرێـت (Wartofsky, ١٩٧٧(١٩٨٢), p. ٣٨). لەبەرئـەوە، ئاگایـی یەکێتـی فـۆرم و ناوەڕۆکـە.

زانیـن لەڕێـی بابەتـی زانینەوە کاردەکات و لەڕێی هەسـتەکانەوە دیاردەکـرێ (Wartofsky, ١٩٧٧(١٩٨٢), p. ٤٠). دیارە، رەخنەیەکـی فۆیەربـاخ لـە هیـگڵ ئەوەیـە کـە مـرۆڤ لەنێـو سرووشـتدا، نـەک لەنێـو ‹ئایدیا›-بیرۆکـەدا پەیدابـووە. خاڵێکیـتر ئەوەیـە؛ فۆیەربـاخ پـتر لـە هیـگڵ رەخنـەی ئاییـن بـەرە و قۆناخێکـی نـوێ تێدەپەڕێنێـت. چونکـە پێیوایـە ئاییـن بازدانێکـە، وەرچەرخانێکـی دەروونـی مرۆڤـە کـە لـە پەرۆشـییەوە کەوتۆتـەوە. بـەڵام، دواجـار ئاییـن هـۆکاری سـەندنەوەی جەوهـەری مـرۆڤ لـە مـرۆڤ، بەسـتنەوە و گرێدانەوەیەتـی بـە ‹خـودا›وە (آفـرون، ١٩٨١، صفحـة ٦٩). کەواتـە، شۆڕشـەکەی فۆیەربـاخ لەوەدایە بار-خـودا- بکەیـن بـە بنە›مـرۆڤ. ئـەم ئاوەژوکردنەوەیـە لـە رسـتەی یەکەمی دەقەکەدایـە کـە دەڵێـت: «نهێنـی تیۆلۆجیـا ئەنترۆپۆلۆجیایـە». چونکـە، لای هیـگڵ ‹بـار› چەمکـی «رەهـا» (بیرۆکـە، رۆح یـان ئاییـن) بـوو لەخۆیـدا و ‹بنـە›ش بـوون بـوو (Feuerbach L. , ٢٠١٢, p. ١٥٥). لەکاتێکـدا ‹هیـگڵ› رەهـا لەبنەڕەتـدا دەکاتـە ‹بـار›، بـەڵام لەخۆیـدا ئـەوە هـەر ‹بنە›یـە. چونکـە، ‹رەهـا کـە ‹بـوون›، جەوهـەر یـان چەمکە›(چەمکـی خۆئاگایـی) (Feuerbach L. , ٢٠١٢, p. ١٥٥). لەکاتێکـدا، ‹رەهـا› تەنهـا وەک ‹بـوون› نـەک پـتر بیریلێدەکرێتـەوە. کـە ‹رەهـا› بیریلێدەکرێتـەوە، ئیـتر دەکەوێتـە نێـو چوارچێـوە و دەستنیشـانکردنێکەوە و دواتـر دەبێتـە بەشـێ لێـی. لێرەشـەوە ‹جگەلـە ناوێکـی ‹رووت› هیچیـتر نییـە (Feuerbach L. , ٢٠١٢, p. ١٥٥). واتـە؛ بـۆش و بێناوەڕۆکـە.

## بەئامانجگرتنی ئایین

چ پاڵنەرو هۆکارێ لە پشت بایەخدان و رەخنەکردنی ئایین لای فۆیەرباخ هەیە؟ لە خوێندنەوەی دەقەکانییدا روونە کە بە درێژایی ژیانی، ئایین بایەخیی هەبووە. چونکە، ویستوویەتی ئەو کێشە و پرسیارە کلاسیکیەی فەلسەفە: پێگەی مرۆڤ لە جیهاندا چییە؟ یان پێگەی مرۆڤ لەو جیهانەو پەیوەندی بیرکردنەوە و ‹بوون› و سروشت›، یان ژیر و رۆح چارەسەربکات. هەروەها، ئەو رەهەندە ئیپستیمۆلۆجیانەشی کە لێیان دەکەوێتەوە بدۆزێتەوە (Deranty, ٢٠٢٠). بۆیە، فۆیەرباخ خۆی دەڵێت: ‹یەکەم مەیلم لەمنداڵیدا نە بەرەو زانست و نە بەرەو فەلسەفە چووە. بەڵکو بەرەو ئایین بووە. ئەمە بەهۆی پەروەردەوە نەبوو، بەڵکو مەیلێکی خۆیەکی ناخەکی بوو (آفرون، ١٩٨١، صفحة ٧).

بەڵام، مەیلی ئایینی لەژیانی سەرەتاییدا هەروا بەئاسانی تێپەڕنەبوو، لەنامەیەکدا ساڵی (١٨٤٦) باسی دۆخی دەروونی خۆی دەکات کاتێک دەگاتە شاری بەرلین: ‹گەیشتمە زانکۆی بەرلین و لە دۆخێکی دادڕاو پەرتەوازەدا بووم. دوودڵ و نائومێد، هەستمدەکرد یان دەبێ قوربانی بەتێۆلۆجیا لەپێناو فەلسەفەدا بدەم، یان قوربانی بە فەلسەفە لەپێناو تیۆلۆجۆیادا ‹ (آفرون، ١٩٨١، صفحة ٧). لە دانپێدانانێکا بۆ باوکی، ئاشکرایکردووە کە لەبەر کاریگەری هیگڵ لەسەری، چیتر نەیتوانی تێۆلۆجیا بخوێنێت (آفرون، ١٩٨١، صفحة ٨).

بەڵام، پاشئەوەی لەنێو فەلسەفەی هیگڵ دا سەرەداوەکانی ‹بێباوەڕی› دۆزییەوە، توێژینەوەیەکی رەخنەیی لە شاری ‹براگبیرگ› لەسەر هیگڵ دەنوسێت. ئیتر، جارێکیتر سەودای ئایین دەیداتەوە لە کەللەی. لە نامەیەکدا بۆ ‹ئەرنولد رۆگە› دەنووسێت: ‹تێۆلۆجیا بۆ ئەڵمانیا تەنها کاراکردنێکی کردەیی سیاسەتە، بەلانی کەمەوە لە ئێستادا› (آفرون، ١٩٨١، صفحة ١٥). هەڵبەت، فۆیەرباخ وەک هەموو فەیلەسوفە ئایدیالیزمە ئەڵمانەکان لە تێۆلۆجیای پرۆتستانتەوە دەستییانپێکردووە (Lowith, ١٩٦٤, p. ٥٨). زانینی ئەوەی تاچەندە ‹پرۆتستانتیزم› چ رۆڵی لە رەخنەکردنی رەهەندی ئایینیدا گێڕاوە، گرنگە. چونکە، فۆیەرباخ وەک زۆربەی فەیلەسوفە ئایدیالیستەکان پرۆتستان بووە (Lowith, ١٩٦٤, p. ٧١).١٧

بایەخدان و توێژینەوەی لە ئایین بە دوورخستنەوەی وەهمە تێۆلۆجییەکان بووە. کاتێک ئایین کرۆک مرۆڤی لە خۆیدا هەڵگرتووە، بەڵام، هاوکات شاردوویەتەوە. بۆیە، خۆناسینی مرۆڤ کلیلی ئایینە. ئیتر ئاییناسی دەبێتە ئەنترۆپۆلۆجیا. تێگەیشتن لە ئایین جگەلە مرۆڤناسی هیچیتر نییە و رەگوڕیشەی ئایینیش هەر لەوێدا دەدۆزرێتەوە. هەربۆیە دەڵێ: ‹نهێنی تێۆلۆجیا ئەنترۆپۆلۆجیایە، وەکچۆن نهێنی فەلسەفەی تێوریی تیۆلۆجیایە (فۆیەرباخ, ٢٠١٣, لاپەڕە ١٠). هەروەها، کرۆکی ئایین بریتیە لە ‹پرۆجیکشن›-نیشاندانی ناوەڕۆک و کرۆکی مرۆڤ وەک ‹ئەویتر›ێک (Wartofsky, ١٩٧٧(١٩٨٢), p. ٢١٧).

لێرەوە، هەوڵی فۆیەرباخ لە کورتکردنەوەی١٨ ‹بیری ئایینی›دا، هەوڵێکی ناباوە. چونکە، کورتکردنەوەیەکی فینۆمینۆلۆجیایەنەیە لە گێڕانەوەی ئایین بۆ سەرچاوەکانی خۆی لە نێو ئاگایی مرۆڤ و ئەندێشەی ئایینیدا (Wartofsky, ١٩٧٧(١٩٨٢), p. ٢٥٣). واتە، گێڕانەوەی دیاردەی ئاییننداری بۆ رەگوڕیشەکانی لە ئاگایی و هەستی مرۆڤدا. ئیدی، بۆ تێگەیشتن لە دیاردەی ئایین و ئاییننداری دەبێت سروشتی مرۆڤ، ئاگایی بپشکنین نەک جێگەوشوێنێکیتر لەدەرەوەی مرۆڤ خۆیدا.

گرفتی ئایین لە دیدی ‹فۆیەرباخ›دا لەوەدایە کە مرۆڤ لە جەوهەری خۆ نامۆدەکات. ئایین باش کرۆکی

---

١٧ لەم لایەندا لینکێک لەنێوان ‹پرۆتستانتیزم و رەخنەدا بەدەردەکەوێت.

١٨ Reduction

مرۆڤـی ناسـیوەو دەستنیشـانکردووە، بـەڵام گرفتەکـەی ئەوەیـە جەوهەرەکـەی لـە ‹بـوون› و سروشـتی مرۆڤایەتـی دابڕیـوە. بۆیـە، لـە روانگەیەکـی دەروونـی و ئەنترۆپۆلۆجیـەوە، پێیوایـە کریسـتیانێتی جگەلـە سروشـت و کرۆکـی مـرۆڤ هیچیـتر نییـە. بـەڵام، دواجـار کرۆکـی مـرۆڤ وابەسـتەی دەرەوەی خۆی-هێزێکـی سەرووسروشـتی- کـردووە. پەیوەسـتکردنی مـرۆڤ بـە بیرۆکەیەکـی دەرەمـرۆڤ -هەبوویەکـی بـاڵا- هـۆکاری نامۆبوونـی مرۆڤـە.

ئیـدی، فۆیەربـاخ جیاوازتـر لـە هیـگڵ و فەیلەسوفەکانی پێشـخۆی پێیوایە بـۆ دۆزینـەوەی نهێنـی ئاییـن، دەبێـت لـە ئەنترۆپۆلۆجیـاوە بـەرەو ئاییـن نـەک بەپێچەوانـەوە بچیـن ١٩. بەدەربڕینێکـتر، تێگەیشـتن لـە مـرۆڤ، تێگەیشـتن لـە ئاییـن دەخاتـەوە. چونکـە، دیـاردەی ئاییـن، دەرکەوتێکـی مرۆییـە. کەواتـە، میتـۆدی تێگەیشـتنەکە ئەنترۆپۆلۆجیایـە وەک زانسـتێکی نـوێ٢٠. دۆگـما ئایینیـەکان هـۆکاری شکسـتهێنانی مرۆڤـن لـە ناسـینی خۆیـدا. چونکـە، ئاڕاسـتەیەکی هەڵدەگرنەبـەر: لەجیاتـی گەڕانـەوە بـۆ سروشـت، کرۆکـی سـەرەکی مـرۆڤ خـۆی، بانگەشـەی زانیـن و ناسـینی ‹ئەویترێکـی› باڵا-خـودا- دەکـەن.

گرفتەکـە ئەوەیـە ‹خـودا› وەک ئەویترێکـی دەرەکـی وێناکراوە. لـە کاتێکـدا ئـەو هەبـووە، بەرئەنجامـی ئاگایـی و بیـری مـرۆڤ خۆیەتـی. کەواتـە، بیرۆکـەی ‹خـودا› وەدەرنانـی ئاگایـی و بیرۆکەیەکـە لـە دەروونـی مرۆڤـدا. هۆکارەکـەش ئەوەیـە؛ مـرۆڤ لـەوە تێگەیشـتووە ئاگایـی و سروشـتی سـنووردارە. لێـرەوە، بیرۆکـەی هەبوویەکـی بـاڵای تەواوکـۆ لـە دەرەوەی خـۆی دەکاتـە تەواوکەرێکـی بوونـە سـنووردارەکەی خـۆی. لـە کاتێکـدا وێناکراوەکە-خـودا- هـەر پێدراوێکـی ژیـر و ئاگایـی مـرۆڤ خۆیەتـی. لای فۆیەربـاخ، ئاییـن بریتییـە لـە ‹خەونـی ژیـر و ئەندێشـەی مـرۆڤ› یـان ‹دۆخـی منداڵـی مـرۆڤ› (Hösle, ٢٠١٧, p. ١٤٣). لێـرەوە، واتـە، ‹ئاگایـی و هۆشـیاری ‹ناکۆتـا› جگەلـە ئاگایـی و هۆشـیارییەک لەبـارەی ناکۆتایـی هۆشـیارییەوە هیچترنییـە› (Hösle, ٢٠١٧, p. ١٤٣).

لەگـەڵ ئەوەشـدا، مێـژووی ئاییـن بـۆ فۆیەربـاخ ئاماژەیەکـە بـە پەرەسـەندنی دەروونی/رۆحـی مـرۆڤ. چونکـە: ‹مـرۆڤ بەهـۆی ئایینـەوە دۆخـی سروشـتی تێپەڕانـدووە› (فۆیەربـاخ, ٢٠١٣, لاپـەڕە ١٤٥). بۆیـە، ئـەو وەسـفی خـۆی لـە بەرامبـەر ئاییندارێتیـدا بـە بێباوەڕ-ئەتایسـت- دانانێـت: ‹ئـەوەی ئەمـڕۆ بەسـەر ئاتایزمـدا دیـت، سـبەی بەسـەر ئاینیشـدا دێـت› (Hösle, ٢٠١٧, p. ١٤٣). چونکـە، ئامانجـی لـە رەخنەکردنەکـەی، لـە رەتکردنـەوە و بەدرۆخسـتنەوەدا چڕنەبۆتـەوە، بەڵکـو وەک ‹ئیپیکـورس٢١› مەبەسـتێکی چارەسەرسـازانەی هەیـە: رزگارکردنـی مرۆڤـە لـە ‹نامۆبوونـی ئایینـی› بـە یارمەتیدانیـان کـە خۆیـان لـە بیرۆکـە دژیەکەکـەنـان رزگاربکـەن› (Hösle, ٢٠١٧, p. ١٤٣).

خاڵێکـی جیاکەرەوەشـی لـە هیـگڵ ئەوەیـە، کـە لـە قۆناخـی هیگڵییـدا (١٨٢٨-٣٨) خەمـی سـەرەکی وەک لـە کتێبێکیدا سـەبارەت بـە ‹بایلـە› (Pierre Bayle (١٨٣٨)) جەخـت لـەوە دەکاتـەوە؛ ئایینـی کریسـتیانێتی لەگـەڵ زانسـت و کولتـوری مۆدێرنـدا نایەتـەوە (Deranty, ٢٠٢٠). لـە بەشـی یەکەمـی ‹کرۆکـی کریستیانێتی›یشـدا، فۆیەربـاخ، لەڕێـی هەڵماڵینـی راسـتییەکەوە کـە رەهەنـدە مرۆییە-ئەنترۆپۆلۆجیەکـەی ئایینـە، بـەدوای واتـای ئایینـدا گـەڕاوە. لـە بەشـی دووەمیشـدا، هێـرش دەکاتەسـەر دیـوە ناڕاسـتەکەی: لایەنـە تیۆلۆجیەکـەی بەدەرخسـتنی ئـەو دژیەکیانـەی کـە لـە دۆگـمای کریسـتانێتییدا هـەن. بـەڕای ‹شـترنەر› فۆیەربـاخ بیرۆکـەی بـاوەڕ، بـە خۆشەویسـتی دەگۆڕێـت. بۆیـە، لـە بـاوەڕە بـەرەو خۆشەویسـتی دەچێـت (آفـرون، ١٩٨١، صفحـة ١٢٠).

١٩ لێـرەدا بەجۆرێـک وەک چـۆن کانـت پێیوابـوو بـۆ تێگەیشـتن و داڕشـتنی رێسـاو بنەماکانـی ئـاکار، دەبێـت لەئـاکارەوە بـۆ ئاییـن نـەک بەپێچەوانـەوە بڕۆیـن، ئاوەهـاش فۆیەربـاخ لـە ئەنترۆپۆلۆجیـاوە بـەرەو ئاییـن رێگەڕاسـتەکەیە بـۆ تێگەیشـتن لەدیـاردەی ئاییـن.

٢٠ وەکچـۆن ‹کانـت› پرسـیاری هیـوام بەچـی بێـت؟ و پرسـی ‹خراپـەی بنچینەیـی› و پرسـیاری چوارەمیـش : مـرۆڤ چییـە؟ دەروازەیەکـی ئەنترۆپۆلۆجییانـەی بـەڕووی ‹فۆیەربـاخ›دا کردبێتـەوە.

٢١ Epicurus

## بایەخدانی مارکسیزم بە فۆیەرباخ

لە مێژووی فەلسەفەدا وابـاوە، دارمانی کۆشکی ئایدیالیزم بە چەکوش و داسەکەی مارکس و ئەنگڵز بووە. بەڵام، پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا لە ڕووی فەلسەفییەوە مارکسیزم ئەلتەرناتیڤێکی بۆ ئەو فەلسەفەیەی کە هەرەسیپێهێنا هەبوو، پێشخستبوو؟ یان ئیتر ئایدۆلۆجیای مارکسیزم لە جیاتی بیری فەلسەفی جێکەوت؟ پێش وەڵامدانەوە، راستییەک دەبێت بیربهێنرێتەوە؛ هەروەک ‹باکونین› دەڵێ ‹دووژیرمەندی مەزن ماوەیەکی زۆرە لە مێژوودا گومناوکراون؛ فۆیەرباخی فێرخواز و رووخێنەری هیگڵ، هەروەها ‹ئوگست کۆمت›ەی دامەزرێنەری فەلسەفەی پۆزەتیزیڤیزم (باکونین, ٢٠٢٠, لاپەڕە ٩٦). هەروەها، لەژێر سەرباسی ‹شۆڕشێک بەسەر هیگڵ›دا، ‹ئایەر› راشکاوانە ئاماژە بەچەند خاڵێکی گرنگ دەدات. پاش هەژموونی کاریگەری هیگڵ لەسەر فەلسەفە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و بەرەبەیانی چەرخی بیستدا، پێیوایە ئەگەرچی راستە مارکس و ئەنگڵز، فەلسەفەی هیگڵیان سەرەونخونکردەوەو ئایدیالیزمیان لابردو ماتریالیزمیان لە جێیی دانا، بەڵام ئەو گۆڕانکارییە بەرێژەیەکی کەم نەبێت، کاریگەری ئەوتۆی لەسەر جیهانی فەلسەفی نەبوو.

ئیدی، ئەوەی لەنێو قوتابیەکانی ئەواندا کارێکی فەلسەفی رەسەنی٢٢بەرهەمهێنا تەنها ‹بلیخانۆف›بوو (Ayer, ١٩٨٤, p. ١٩). واتە، لەبواری فەلسەفەو جیهانی فەلسەفەدا، ئەوە مارکس و ئەنگلز نین کاری رەسەنیان و کردبێتەسەر جیهانی فەلسەفە، بەڵکو قوتابیەکی رووسیان بووە (Ayer, ١٩٨٤, p. ١٩). لە ئەمریکاش ‹ولیەم جەیمس جۆیس› و ‹جۆرج سانتیانا› توانیان بەرەورووی ‹جۆزیا رۆیس›ی هیگڵی ببنەوە. جۆیس یەکێکە لەو کۆڵەکانەیە کە بووە هۆی خستنی رێبازی هیگڵ. کەواتە، ئەندازیاری رووخاندنی کۆشکی هیگڵیانیزم (لەسۆنگە فەلسەفییەکەوە) لەوێ ‹جەیمس جۆیس›ە نەک مارکس و ئەنگلز (Ayer, ١٩٨٤, p. ١٩). لێرەدا، پرسیارەکە ئەوەیە: رەخنەکردنی هیگڵ لای فۆیەرباخ، دەبێتە جێ بایەخی مارکس و چەند رۆڵی لە جێپێلێژکردنی هیگڵ دا دەبێت؟ هەڵبەت، بایەخدان بە تێزەکانی فۆیەرباخ, هەژموونی بیری مارکسیزمی پێوە دیارە. چونکە، بەدیوێکدا هۆکارێکی داپۆشینی رۆڵی فۆیەرباخە لەنێو ئایدۆلۆجیاکەدا. خوێندنەوە و راقە و رەخنەکانی ‹مارکس و ئەنگلس›یش لە فۆیەرباخ، چەندە گرنگیدانە، ئەوەندەش زەقکردنەوەی ئەو دوو کاراکتەرەیە لەسەر حسابی فۆیەرباخ. کەواتە چ گرنگیەک لە فەلسەفەی ‹فۆیەرباخ›دا دەمێنێتەوە؟ ئایا رۆڵەکەی بەستنەوەی دوو فەیلەسوفە بەیەکتر؟ ئایا فۆیەرباخ تەنها پردی پەڕینەوەیە؟

## رۆڵی فۆیەرباخ لە جیهانبینی مارکسیزمدا چییە؟

وەک دواتر ڕووندەکرێتەوە، بۆچوونەکانی فۆیەرباخ لە مارکسیزمدا بە بەردەبازی رەخنەکردن و دەرچوون و دابڕان بێت لە فەلسەفەیی کلاسیکی ئەڵمانی(ئەنگلس) دانراوە. هەروەها، بەواتایەکیش کۆتایی فەلسەفە بێت لەرێی لێدان لە فەلسەفی کلاسیکی ئەڵمانی. بەڵام: ئەلتەرناتیڤی فەلسەفیی مارکسیزم بۆ هەرەسپێهێنانە بەدەر لە ئایدۆلۆجیا و شۆڕش دەبێت چی بێت٢٣؟ ئایا؛ مەبەستی ‹ئەنگڵز› لەمە چییە: ‹فۆیەرباخ لە هەندێک ڕووەوە

٢٢ Plekhanov Essays in the History of Materialism appeared in 1896

٢٣ ئەم پرسیارە پەلکێشمان بۆ راڤەو شرۆڤەکردنی پێگەو گرنگی فەلسەفە لە مارکسیزمدا دەکات. ئەوەش بۆ نووسینێکیتر کە ئامادە دەکرێت کە ئایا مارکسیزم نەک هەر دابڕانە لە فەلسەفە بەڵکو بانگەشەی کۆتایی فەلسەفەو مەرگی فەیلەسوفەم هەڵدەگرین. لەوێدا باس بەووردی لەسەر هەڵوێستی مارکس و مارکسیزم دەربارەی فەلسەفەو فەیلەسوف دەکەین و وەڵامی

ئەڵقە/پردی پەیوەندی نێوان فەلسەفەی هیگڵ و تیۆرەکەی ئێمەیە› (ئەنگڵس, ٢٠١٩, لاپەڕەکان ٩-١٢)؟ ئایا ئەمە چەندە راستە یان تەنها دەربڕینێکی سەرپێیە؟

ئەنگلز دانبەوەدا دەنێت کە ‹ لە پاش هیگڵ لە هەموو فەیلەسوفێک پتر، قەرزاربارى ‹فۆیەرباخ›ین›. دیارە، نووسینی کتێبی ‹ئایدۆلۆجیای ئەڵمانی›ش وەک قەرزدانەوەکەیە. لە بەشی یەکەمیدا دەڵێت ‹فەیلەسوفە ئەڵمانەکان بەپێچەوانەی فەرەنسییەکان کە یاخی و بەڕووی زانستی فەرمی و کڵێسادا جەنگان، بەرهەمەکانیان سنووری وڵاتەکەیانی بەزاند، کەچی فەیلەسوفە ئەڵمانەکان پرۆفیسۆری زانکۆ، فێرکارو لەلایەن دەوڵەتەوە دانرابوون... فەلسەفەو رێبازی هیگڵ پەرەسەندنی پەکخستبوو. چونکە، تارادەیەک ببووە فەلسەفەی فەرمی سیستمی شاهانەی پروسیا (ئەنگڵس, ٢٠١٩, لاپەڕەکان ٩-١٢)٢٤.

لێرەدا قسەکە لەسەر چەقبەستنی فەلسەفەیە لە دامەزراوەیەکی فەرمییدا کە بۆتە ئامراز نەک میکانیزمی هەڵگیرسانی شۆڕش و گۆڕانکاریی. بۆیە، ئەنگڵز دەپرسێت: چۆن شۆڕش لە پشت وتە و چەمکە قورس و تیۆری و ماندووکەر و تەمومژاویەکانەوە دەکرێت؟ کەواتە هیگڵ پیاوی دەوڵەت بووە و تێزەکەشی کە ‹هەرچیەک واقعییە ژیرەکیە و هەرچیەکیش ژیرەکی بێت واقیعییە›، بەجۆرێ پاساوی ئەوەیە دەوڵەت-سەردەمەکەی-وەک واقیعێکی ژیرەکی پەسەندکردووە. واقعیبوونەکەش هەر دۆخێکی لە ئارادابوودا نییە. بەڵکو، ناچارێتی و زەروریشە: ‹واقیع لە رەوتی پەرەسەندن و بەرەوپێشچوونی خۆیدا، زەرورەتی خۆی نیشاندەدات› (ئەنگڵس, ٢٠١٩, لاپەڕە ١٦). لێرەوە، ئەوەی پێویست و زەروربێت، ئەوەندەش ئەقڵانییە. چونکە، لەگەڵ پێوەرەکانی ژیردا دێتەوە.

لە کاتێکدا، پرسیار و خواستە رەخنەییەکەی ئەنگلز شۆڕشە نەک بیرکردنەوە. لە خەمی شۆڕش بەرپاکردندایە نەک لێکدانەوە. بەڵام، پرسیارەکە ئەوەیە: ‹فەلسەفەو فەیلەسوف جیهان بگۆڕن یا لێکیبدەنەوە؟ ئایا گۆڕانکاری بەبێ لێکدانەوە دەکرێت؟› (عەزیز, ٢٠٠٩, لاپەڕە ٧)٢٥. ئەمە پرسیارێکی کاریگەر و لۆجیکیشە. چونکە، بەرەو ئەنجامێکی دروستمانبات: ‹ئەوەی داوای گۆڕانی جیهان دەکات، شتێک لە فەلسەفە داوادەکات کە لە توانایدا نییە و بە پێچەوانەی سروشتی مرۆڤ و کۆمەڵەوەیە. ئەنجامەکەشی رژێمی تۆتالیتاری سەرتاپاگیری قرکەر بووە›. (عەزیز, ٢٠٠٩, لاپەڕە ٧). چونکە، کاتێک فەلسەفە دەبێتە پرۆژەی گۆڕانکاری و دەوڵەتسازی، ئیتر دەبێتە ئایدۆلۆجیایەکی گشتگیر.

وەکچۆن فۆیەرباخ هیگڵی وەلانا، شۆڕشی (١٨٤٨)یش سەرجەم فەیلەسوفەکانی وەلانا. هەر لەم پرۆسەیەشدا ‹فۆیەرباخ›یشی دوورخستەوە (ئەنگڵس, ٢٠١٩, لاپەڕە ٣٩). ئەنگلز پێیوابوو، فۆیەرباخ نەیتوانی چوارچێوەی فەلسەفەی هیگڵ تێپەڕێنێت. چونکە، لە ژێرەوە ماتریالیست و لە رواڵەتیسدا ئایدیالیست بووە٢٦. لەو سۆنگەوە، فۆیەرباخ نەیتوانی بەچەکی رەخنە بەسەر هیگڵ دا سەرکەوێت و تێشیپەڕێنێ. بەڵکو، ئەوەی کردی تەنها وەک شتێکی بێسوود و نەشیاو کە لە بەکارهێنان نەیەت خستەلاوە و فەرامۆشیکرد... بەرامبەر سامانە

ئەوە دەدەینەوە ئاخۆ مارکس هەر فەیلەسوفەکانی رەخنەکردووە یان فەلسەفەشی وەک سیستمی بیرکردنەوە رەتکردۆتەوە؟

٢٤ لە کاتێکدا پێشتر فۆیەرباخ لە چاکسازی فەلسەفەدا، باس لە فەلسەفەی زیندوو کە ژیان و مرۆڤ دەکاتە چەقی بیرکردنەوە، فەیلەسوف کەسێک بێت لە ژیانەوە نەک تیۆری و وشک و فێرگەیی و فەرمیانە لە هۆڵەکاندا لەتەک فەلسەفەدا هەڵسوکەوت بکات. ئیتر، لەمەوە، دەبینین رەخنەو سەرنجەکانی فۆیەرباخ چەند رۆچۆتەنێو بیری مارکس و ئەنگلزەوە تا رادەی بۆچوونەکانی لەهەندێک جێگەدا دووبارەدەکەنەوەو پتر ئەمان زەقدەکرێنەوە لەکاتێکدا پێشتر فۆیەرباخ ئەو گرفتانەی دەستنیشانکردووە.

٢٥ هەروەها بیرمەندی مارکسیستی ئینگلیزی تێری ئیگڵتن هەمان پرسیار بەمجۆرە دەکات: چۆن دەتوانین بەبێ راڤەکردن، جیهان بگۆڕین؟ ئایا دەسەلاتی راڤەکردنی جیهان سەرەتای گۆڕانکاری سیاسی نییە؟ (Eaglton, ٢٠١٨, p. ١٤٤).

٢٦ هەڵبەت فیورباخ خۆی لەنووسینەکاندا ئەمەی ووتوە، قسەکەی ئەنگلز تازە نییە.

ئینسکلۆپیدیەکەی هیگڵ جگەلە ئایینیکی بەتاڵی ئەشق و ئەخلاقێکی پەککەوتە و سەیروسەمەرە هیچ شتێکیتری ئەرێنی پێشکەشنەکرد (ئەنگڵس, ٢٠١٩, لاپەڕە ٩٤).

ئەو هێشتا پێیوایە کاریگەرییە مەزنەکەی هیگڵ لە پانتایی ئەڵمانیادا دەیان ساڵی بەردەوامی هەبووە، تەنانەت بە مردنی هیگڵ،یش کۆتایی بە هەژموونەکەی نەهاتووە! بە پێچەوانەوە، هەژموونی ڕەهای ‹هیگڵیانیزم› لە دەیەی سییەکانی سەدەی نۆزدەدا، دەگاتە لوتکە. ئەمە نەک هەر لەسەر ئاستی ئەکادیمی و ڕۆشنبیریی، بەڵکو لەسەر ئاستی ئەدەبیاتی میللی و جۆرناڵیزمی ڕۆژانەشدا (ئەنگڵس, ٢٠١٩, لاپەڕەکان ٣٠-١). لەمەوە، ئەنگلز دەیەوێت بڵێ؛ مادام ڕەخنەکانی فیورباخ گرنگ بوو، ئەو هەر ئەڵقەی گەیاندنی مارکس و هیگڵە. بەڵام، ئەوەی کۆتایی بەهەژمونی هیگڵیانیزم هێنا مارکسە. چونکە، ‹لە ڕێبازەکەیەوە ئاڕاستەیەکی جیاواز سەریدەرهێنا› (ئەنگڵس, ٢٠١٩, لاپەڕە ٩٥).

کەواتە، هیگڵ بەئاسانی وەلانەنرا، بەڵکو دیوە شۆڕشگێرە فەلسەفیەکەی –میتۆدی دیالیکتیک- وەرگیراو کرایە خاڵی دەستپێکی مارکسیزم (ئەنگڵس, ٢٠١٩, لاپەڕە ٩٧). ئەگەر دیالیکتیکی هیگڵ بریتی بێت لە پەرەسەندنی خۆبەخۆی تێگەیشتنی ڕەها، ئەوا مارکس هێزی بزوێنەری مێژووی کە ‹ڕۆح›ە لای هیگڵ بە چەمکی ‹پرۆلیتار› گۆڕی. هێزی گۆڕانکاری و بزوێنەری مێژوو و بەرجەستەبوونی پرۆلیتارە. واتە، چینی بەرهەمهێنەرە نەک فەیلەسوفەکان. لێرەوە، تەنها «بەگەڕانەوە بۆ دیدگەیەکی ماتریالیستی/مارکسی، دابڕان لەگەڵ فەلسەفەی هیگڵ دا روویدا› (ئەنگڵس, ٢٠١٩, لاپەڕە ٩٦). ئەوەی ‹هیگڵ›ی تێپەڕاند ‹مارکس›ە نەک ‹فیورباخ!

لەم دەربڕینەدا، ڕۆڵی فیورباخ بچوکدەکرێتەوە و وا ڕاڤەدەکرێت کە ڕەخنەگری سەرەکی هیگڵ نییە. بەڵکو، مارکس بە ڕەخنەکانی فیورباخ لە هیگڵ و بە سیستمی دیالێکتیکی هیگڵ، ئاڕاستەیەکی نوێی هێنایە ئاراوە. لەم دانپێدانانەی ‹ئەنگلز›دا ڕەخنەی فەلسەفی فۆیەرباخ لە هیگڵ وەک کارێکی فەلسەفی دەستکەوتە مەزنەکە نییە، بەڵکو ئەو ئاڕاستەگۆڕین و وەرچەرخانەی بەسەر سیستمی هیگڵ هێنرا سەرکەوتنەکەیە. گۆڕینی بەکارهێنانی تێزەی هیگڵ-دیالێکتیک- لە پراکتیکدا، کە خزمەت بەتێز و جیهانبینی مارکس دەکات، ئامانجەکەیە. ئیدی، ئەوەی بۆ مارکس لە دیدی ئەنگڵزەوە گرنگە، لە خۆیدا ڕەخنەکردنی فەلسەفیی نییە. بەڵکو سەرپێخستنی پرۆسەی سیاسی و شۆڕشی پرۆلیتارییە. چونکە، تەنها گۆڕانکاری و دەستوەردان لە مێژووی سیاسەت و ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵ دا ئەو شۆڕشەیە. لە پەراوێزێکیشدا ئەنگلز بە جوانی و ڕاستگۆیانە دان بەتاکە ڕۆڵی ‹مارکس› لەسەر پێخستنی جیهانبینیەکی نوێ و دابڕینەر لە هیگڵ› دەخاتەڕوو و دەڵێت: کە (٤٠) ساڵ لەگەڵ مارکس پێکەوەکاریان کردووە. بەڵام، سەرچاوەو ئیلهامبەخشەکە هەر مارکس خۆی بووە. بۆیە، دیدو جیهانبینی و تێزەگەڵاڵەبووەکانی ئەو لە کارەکاندا، بەتەنها موڵکی ئەون. چونکە، ئەو خۆی بە هرەمەندەکە نەک بلیمەتەکە دادەنێت: مارکس بلیمەتەکە بوو، بەڵام ئێمەومانان لە باشترین حاڵەتدا بەهرەمەند بووین. ئەگەر مارکس نەبوایە، تیۆرو ئایدیاکانمان زۆر لەوە دوورتر دەبوون کە ئەمڕۆ هەن (ئەنگڵس, ٢٠١٩, لاپەڕە ٩٦).

## مارکس و فۆیەرباخ

سەبارەت بە پەیوەندی و کاریگەری فۆیەرباخ لەسەر مارکس ڕاجیایی هەیە. نووسەری فەرەنسی ‹ئاڤرۆن› پێیوایە کە یەکێک لەو فەیلەسوفانەی توێژەران بایەخێکی «ساختەیان» پێدراوە ‹فۆیەرباخ›ە. چونکە، دانراوەکانی تەنها سەرنجی کاتی توێژەرانی سەردەمەکی خۆی ڕاکێشاوە. هەندێکیتریش، پێیوایە فۆیەرباخ کراوەتە قوربانی

بێبەزەیی مێژوو لەوەدا کە گرنگیەکەی بە قۆناخی تێپەڕ و راگوزەر لە ‹هیگڵ›ەوە بۆ ‹مارکس› دابنرێت. بەڵام، هەندێکیتر وەک ‹ئاڤرۆن› پێیوایە فۆیەرباخ ئەڵقەی گەیاندنی ‹هیگڵ و مارکس›ە. چونکە، باوەڕی وایە بیری فۆیەرباخ لە مارکس جیاناکرێتەوە (آفرون، ١٩٨١، صفحة ٢٤). بەڵام، ئەوەش دەڵێ کاریگەری و رۆڵی مارکس لە پێشکەشکردنی فۆیەرباخدا، لایەنداری پێوە دیارە. چونکە، لە ناواخنە سەربەخۆی خۆی پشتگوێخستووە (آفرون، ١٩٨١، صفحة ٢٤). لەگەڵ ئەوەشدا، بەڕای ئەو ئەگەر بمانەوێت لە فۆیەرباخ تێبگەین، دەبێت لەچنگی مارکسیزم رزگاربکرێت (آفرون، ١٩٨١، صفحة ٢٤).

لەبەرئەوەی، فۆیەرباخ بەردەوام وەک بەشێک لە مارکسیزم و پەرەسەندنی ماتریالیزمی مێژووییدا خوێنراوەتەوە، وەک قۆناخێک لە ژیانی مارکس(١٩٢٧-٣٢) دا سەیرکراوە (Hanfi, ٢٠١٢, p. ١). واتە، قۆناخێکی فۆیەرباخی لە ژیانی مارکس دا هەبووە کە بە ‹قۆناخی پاریس› دادەنرێ. بەڵام، لە ‹تێزەکانی فۆیەرباخ› بەڕای ‹مارکۆزە› مارکس خاڵی جیاکەرەوە لەنێوان خۆی و فۆیەرباخدا کێشاوە (Hanfi, ٢٠١٢, p. ٣). ئیتر، دابڕانێکی ئیپستیمۆلۆجی لە (١٨٤٥) دا لە نووسینی تێزەکان دەربارەی فۆیەرباخ و ئایدیالیزمی ئەڵمانی هاتەئاراوە (Hanfi, ٢٠١٢, p. ٣). هەڵبەت، بەجۆرێک ئەنگڵز دان بەرۆڵی فۆیەرباخ لە کۆتاییهێنان بە سەردەمی ‹ئایدیالیزمی ئەڵمان›دا دەنێت کە چۆن کۆشکی فەلسەفی هیگڵی تەختکرد (آفرون، ١٩٨١، صفحة ٢٤). بەڵام، فۆیەرباخ هەر کۆتایهێنەری ئایدیالیزمی هیگڵ نییە، بەڵکو دەستپێک و ئاسۆیەکی نوێە لە فەلسەفەدا. بەڵام، گرفتەکە لەوەدایە بایەخدان بەفۆیەرباخ لە رۆڵی کۆتاییهێنەری ئایدیالزمدا چڕبۆتەوە و بەرێژەیەکی دیاریکراو نەبێ کارەکانی لە بەرچاو نەگیراوە٢٧.

هەڵبەت، بە»بەراورد بەئینگلتەرە و فەرەنسا کە ماتریالزم تێیاندا هەبووە، بەو جۆرە لە ئەڵمانیا سەریهەڵنەداوە. هەر لە ‹بەیکن› و ‹هۆبز› و ‹لۆک› و ئیتمپریستەکانەوە، لە فەرەنساش ‹پییر گاسندی› و ‹ژولیان ئۆفری› و ‹دینز دیدرۆیت› و ‹پاوڵ هۆڵباخ›. بەڵام لە ئەڵمانیا فۆیەرباخ رۆڵی یەکلاکەرەوەی لە سەرهەڵدانەکەدا هەبووە» (Bayertz, ٢٠١٥). لێرەوە، ئەو تەنها بایەخی بەدۆگما یان لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی کریستانێتی نەدا، بەڵکو گشتگیرانە ڕاڤەی فەلسەفی ئایین لەخۆیدا کرد (Bayertz, ٢٠١٥). ئەوەش روونە کاریگەری فۆیەرباخ لەسەر فەلسەفەی پاش هیگڵ جێدەکەوێت (Garudy, ١٩٦٧, p. ٢٦).

راستی ناوەڕۆکی فەلسەفەی هیگڵ وەک فۆرمێکی کریستیانێتی دەرکەوت. ئیتر، تێزی ‹نامۆبوون› لە کتێبی ‹کرۆکی کریستانێتی›دا ئەو راستییە دەردەخات کە کریستیانێتی و فەلسەفەی دیالێکتیکی هیگڵ، داپۆشینی راستی مرۆڤە و نامۆکردنییەتی لە خۆی و لە سروشتیش. چونکە، مرۆڤ «واقیعی ئەندێشەیی» کە لە خەیاڵدانیدایە دەخاتە پێش هەبوونی خۆیەوە. واتە، جەستەی خۆی لەپێناو رۆح/ دەروون و دەخاتەلاوە (Garudy, ١٩٦٧, p. ٢٦). گرفتەکەش لەوەدایە مرۆڤ بیەوێت لە ‹خودا›وە سروشت هەڵبهێنجی و واتاکەی دابتاشێ. وەک ئەوەیە مرۆڤ لە وێنەیەکدا، راستیی لە وێنەگیراوەکەوە بەدەستبهێنێت٢٨ یان شتێکی لێوە دەستبخات (Garudy, ١٩٦٧,

٢٧ ئافرۆن خۆشی لەدوای سەرەتای کتێبەکەیەوە یەکسەر لە باسی ‹فۆیەرباخ›ەوە دەچێتەسەر مارکسیزم و لەلاپەڕە (٤٩)وە تاکۆتایی کتێبەکەی، درێژە بەرەخنەکانی ‹رۆژێ گارودی› دەدات! پاساوەکەشی لەوەدایە مادام فۆیەرباخ لە مارکسیزم جیاناکرێتەوە، بایەخدان بەمارکسیزم و کێشەکانی بەدیوەکەیتردا بایەخدانیشە بە فۆیەرباخ. ئەمە کێشەیەکی میتۆدیکە کە ئەو تێیکەوتووە. لە «الجدل اللاهوتي بين هيغل ونيتشه: فويرباخ ... راهنا کە ‹د. احمد عبدالحليم عطية›(مجلة الاستغراب مارس ٢٠١٦/ ٣) نووسیویەتی، تێبینەکانی لە ‹ئافرۆن›ەوە وەردەگرێ بۆئەوەی داکۆکی لە پێگەی فۆیەرباخ بکات. بەڵام، هەمان قسەی ئافرۆن و چەند توێژەرێکی تر دەکاتەوە!

٢٨ بۆنموونە یەکێک هەوڵبدات داوەری لەسەر کەسێتی یەکێک بەرمەبنەمای وێنە-فۆتۆکەی بکات و بانگەشەی راستی خودی کەسەی دەستبکەوێت.

p. ٢٦). لەوەشـەوە فۆیەربـاخ ئەنجامگیـری ئەوەیکـرد کـە ئـەوە خـودا نییـە مرۆڤـی لەسـەر وێنـەی خۆی نەخشـاندووە، بەڵکـو مـرۆڤ خـودای لەسـەر وێنـەی خـۆی داڕشـتووە (Garudy, ١٩٦٧, p. ٢٦).

کەواتـە؛ ئامانجـی مێـژوو بـە پێچەوانـەی هیـگڵ بەرجەسـتەبوونی بیرۆکـەی ڕەها/خـودا نییـە. بەڵکـو بەرجەسـتەبوونی ڕاسـتی مرۆڤـە ئـەوەش کـە کاتێـک مـرۆڤ دەسـت لـە وێناکردنـی خـودا هەڵدەگرێـت (Garudy, ١٩٦٧, p. ٢٧). ئیـدی، ئامانجـی فۆیەربـاخ ڕزگارکردنـی مرۆڤـە و بەدیهێنانـی یەکێتـی مرۆڤـە لەگـەڵ مـرۆڤ خۆیدا-نـەک مـرۆڤ و خـودا-. فۆیەربـاخ ئەمـە بـە هیومانیزم-مرۆڤدۆسـتی- و کۆمنیـزم- یەکبوونـی مـرۆڤ لەگـەڵ مـرۆڤ لـە نێـو جڤاکـدا- ناوەبـات (Garudy, ١٩٦٧, p. ٢٧). لێـرەوە، ئەنترۆپۆلۆجـی جێـی تیۆلۆجیـا دەگرێتـەوە. لەجیاتـی گەیشـتن و تێگەشـتن لـە ‹خـودا›، تێگەیشـتن و ناسـینی مـرۆڤ جێیدەگرێتـەوە (Garudy, ١٩٦٧, p. ٢٧) .

هەڵبـەت، ئـەم جیهانبینیـە کاریگـەر و ڕێخۆشـکەرێکی گرنگـە کـە هەنـگاوی وەرچەرخانـی مارکسـیزمی دەستنیشـانکرد. بۆیـە، لەنێـو ‹هیـگڵ›یـە لاوەکانـدا، لـە(١٨١٤) «نارنجۆکێکـی هزریـی» بـە بڵاوبوونـەوەی کتێبـی ‹کرۆکـی کریسـتانێتی› تەقیـەوە. فۆیەربـاخ بـەو هەنـگاوە، بیـری لاوانـی هیگڵـی لەبـارەی مـرۆڤ پەرەپێـدا و دەریشخسـت کـە مـرۆڤ خـودای ڕاسـتینەیە لـە کریسـتانێتییدا. چونکـە، پێیوابـووە ‹کرۆکـی کریسـتانێتی› لـە ‹پرۆجێکشـن-ە›کەیدایە. واتـە، لـە داسـەپاندنی وێنـەی مرۆڤـە بەسـەر خـودا دا. لەبەرئـەوە، کـرۆک و چییەتـی خـودا، تەنهـا باربووکـردن خەسـڵەتی مرۆڤـە بەسـەریدا. خـودا لەبەرگـی مـرۆڤ و سروشـت و خەسـڵەتە ناکۆتاکانیـدا (Lavine, ١٩٨٤, p. ٣٠٨).

دیـارە ئـەو تیـۆری ‹پرۆجێکشـن› کـە بـۆ سـەلماندن و سـاغکردنەوەی تێزەکـەی هیـگڵ لەبـارەی ڕەها»وەیـە. چونکـە، وەک چەمـک و بۆچوونێکـی کریسـتانی شـاراوە بـۆ خـودا، یـان ڕاسـتیینە و ئاگایـی بەکاریهێنـاوە. فۆیەربـاخ پێیوابـووە هیـگڵ هیـچ شـتێک بەسـەر ڕەهـادا جگەلـە دەسـتکەوتی مێـژووی مـرۆڤ «ناپرۆجێکێنێـت». بەدەربڕینێکیـتر؛ مێـژوو دەبێتـە بەرجەسـتەبوونی دەسـتکەوتی مـرۆڤ کـە ئەویـش ئاگایـی ڕەهایـە. لێـرەوە، بەهـۆی پرۆجێکشـنەوە سروشـتی مرۆڤـمان بـۆ دەردەخـات. بـۆ تێگەیشـتن لـە ڕاسـتی فەلسـەفەی هیـگڵ، پێویسـتە فەلسـەفەکەی لەبـارەی ڕەهـاوە بـۆ فەلسـەفەیەکی قـوڵ لـە بـارەی مرۆڤـەوە بگۆڕیـن (Lavine, ١٩٨٤, p. ٣٠٨). ئیـتر، کاتیەتـی ووتـە چێواشـەکەرەکەی هیـگڵ لەبـارەی ‹خـودا›وە بسـڕینەوەو مـرۆڤ وەک جـۆر و مرۆڤـی مـادی وەک بنەڕەتـی فەلسـەفە بەکاربهێنیـن (Lavine, ١٩٨٤, p. ٣٠٨).

لێـرەوە، مارکـس لـە سـۆنگەی فۆیەرباخـەوە کـە ‹بـوون› ڕاسـتییەکی مادییـە بەپلـەی یەکـە نـەک ڕۆحەکـی پەرەپێـدا. هەروەهـا، شـتێکی تریـش کـە لـە فۆیەربـاخ وەردەگرێـت ئەوەیـە ‹فەلسـەفەی هیـگڵ› ڕاسـتگۆیە ئەگـەر بەشـێوەی دروسـت وەربگێڕدرێتەسـەر واقیـع. واتـە، ببێتـە هـۆی ناسـین و دەرخسـتنی ژیانـی ڕۆژ نـەک ڕەنگدانـەوە و بەرجەسـتەبوونی خـودا لـە جیهانـی مادیـدا. لەمـەوە، هیـگڵ هـەر وەک مامۆسـتا دەمێنێتـەوە (Lavine, ١٩٨٤, p. ٣٠٨). وەک گارودی ئامـاژەی پێکـردووە؛ مارکـس ڕسـتەکەی فۆیەربـاخ دەکاتـە کلیلـی دیالێکتیکـی خـۆی. ئـەوەش بـە جێگۆڕکێـی ‹بنـەو بـارە› کـە لای هیـگڵ دانرابـوو. چونکـە، فەلسـەفەی ڕامانەکی/تیـۆری میتـۆدی چاکردنەکـەی هـەر ئـەو میتـۆدە بـوو کـە لـە فەلسـەفەی ئاییندا بەکاردێـت. بۆیـە، بۆمـان هەیـە تەنهـا هەمیشـە ‹بـار› بکەیـن بـە ‹بنـە› و ‹بنـە›کـەش بکەیـن بابەت/بنەمـا. بەمـەش فەلسـەفەی تێوریـی ئاوەژوودەکەینـەوە و پـەردە لەسـەر ڕاسـتی ‹ڕووت/ پەتـی› هەڵدەماڵیـن (Feuerbach L. , ٢٠١٢, p. ١٥٤). ئیـدی، مارکـس هەمـان ئاڵوگـۆڕ یـان جێگۆڕینـی بنـە بـە بـار دەکات کـە پێشـتر فۆیەربـاخ کردوویەتـی. وەک خـۆی دەڵێـت؛ ئامانجـی ئاوەژووکردنـەوەی دیالیکتیکـی هیگڵـە. لەبەرئـەوەی هیـگڵ ئـەو هاوکێشـەی سـەرەوخوار دانـاوە، پێویسـتە هەڵبگێڕدرێتـەوە.

## مارکس لەنێوان هیگڵ و فۆیەرباخ

کاتێک هیگڵ لە (١٨١٨-١٨٣١) لە زانکۆی بەرلین ئوستاد بوو، زۆربەی ئوستادەکان لەژێر کاریگەرییدا بوون. بەڵام لەناو ‹هیگڵ›یە لاوەکاندا مارکس پتر بەلای کانت و فیختەدا چووە (Dupri, ١٩٧٠, p. ٨٥). هاوکات، لەژێر کاریگەری فۆیەرباخ دا، مارکس بیری هیگڵ سەرەونخوون دەکاتەوە: دەبوو لۆجیک کە زانستی ئایدیاڵەکەن بە واقیع بگۆڕێ. چونکە، پەتیکردن- تجرید-ی واقیع بوو. هاوکات، دیالێکتیکی هیگڵ وەک کلیلی تێگەیشتن و راڤەکردنی واقیع وەردەگرن (Dupri, ١٩٧٠, p. ٨٧). لای مارکسی لاو، سیستمی فەلسەفیی هیگڵ بەجۆرێک هاتەدی بەڵێنێک بوو؛ ئەویش بەدیهاتنی خەونە ‹فاوست›یەکە کە «دانایی خودایی»یە. چونکە، گرنگی ‹زانینی رەها›، لەو بەستێنەدا ئەوەیە کۆتاداری مرۆڤ بەرامبەر هێزی ناکۆتاو رەهایەتی خودایە. بەو پێیەی فەلسەفەی ئاینی هیگڵ کە تێپەڕاندی فەلسەفەی ‹ترانسدنێتی دوالیزمی کانتە، لەجیاتی مرۆڤ ببێتە خودا، خودا دەبێتە بەمرۆڤ و لە مرۆڤدا بەرجەستە دەبێت. بۆیە، ئایین لای هیگڵ بریتیە لە باڵابوونی مرۆڤ و هەڵکشانی بەسەر سنوورداری خۆی و رۆیشتنە بەرەو رەهایەتی (Garudy, ١٩٦٧, p. ٢٠).

بەڕای ئەنگڵس (١٨٧٤) ئەگەر فەلسەفەی ئایدیالیزمی ئەڵمانی بەتایبەت هیگڵ لە ئارادا نەبوایە، شۆڕشی سۆسیالیزم هەرگیز سەریهەڵنەدەدا (Garudy, ١٩٦٧, p. ٢١). بەڵام، ئەم رۆڵە، رۆڵی سازکردنی زەمینە و نەرێکردنی فەلسەفەی هیگڵە لەڕێی دیالێکتەوە. بیرمەندی ناسراو ‹ئەلتۆسێر› بیر و هزری مارکسی بە دووقۆناخ دابەشکردووە. لەو سۆنگەشەوە باس لە ‹دابڕانی ئیستیمۆلۆجی› لە بیری مارکس دا دەکات. بەڕای ئەو، ئەگەر ئەو دابڕانە نەبووایە، مارکس نەدەگەیشتە قۆناخی زانستیبونی خۆی. واتە، مارکس بە ئاگا یان بێئاگا، بەبێ دابڕان لە سیستمی ئیپستمۆلۆجی رابووردووی، نە دەگەیشتە قۆناخی پاشتر کە بیرکردنەوەیە لە کۆمەڵگاو هەلومەرجی ئابووری وەک سەرەداوی تێگەیشتن لە مێژوو. بەو پێیە ‹ئەلتۆسیر› دەمانخاتە بەردەم دووگوتاری جیاوازی مارکس؛ گوتاری ئایدۆلۆجی کە بریتییە لە گوتارێکی مرۆیی فەلسەفیی- ئەنترۆپۆلۆجی نازانستی. هەروەها، گوتارێک کە پاشتر زانستیە (Althusser, ١٩٦٩, pp. ٣٤-٥).

ئەوەی لەم ئەنجامگیرییەی ئەلتۆسێر دەکەوێتەوە لە قۆناغی دووەمدا کە زانستە، چیتر شیکارییەکانی مارکس راڤەی فەلسەفیی نیین. هەروەها، بەڵگەیەکیتر لەسەر ئەوەی کە فۆیەرباخ پردی نێوان هیگڵ و مارکس نییە، بۆچوونێکیتری سەرنجراکێشی ‹ئەلتۆسیر›[٢٩] سەبارەت بە سەرچاوەی هزریی و فەلسەفیی مارکس. ئەو پێیوایە؛ سەرچاوەی بیری مارکس لە بنەڕەتدا ‹سپینۆزا›یە نەک هیگڵ. رەنگە ئەم بۆچوونە جێگەی رەتدانەوە و مشتومڕیش بێت، بەڵام گومانی تێدا نییە کە سپینۆزا سەرچاوەیەکی هزری مارکسیزمە. هەڵبەت شیاوێتی ئەم بۆچوونە لەو رەخنەو هەڵوێستەدایە کە مارکس بەرامبەر هەریەک لە هیگڵ و فۆیەرباخ هەیەتی.

دیارە، مارکس لە تێزەی دکتۆراکەیدا (١٨٣٩-٤١) دەڵێت: ‹بەرجەستەبوونی فەلسەفەی جیهانی، هەمان کات بەرجەستەبوونی جیهانی فەلسەفەشە. بە ئازادکردنی جیهان لە نا-فەلسەفە، بەوەش فەلسەفە لە سیستمێکی نەگۆڕ و چەپساو کە وەک کۆت و زنجیرێک بووتەبار بەسەرمانەوە، رزگاردەکەین (Garudy, ١٩٦٧, p. ٢٣). لەم سۆنگەشەوە مارکس ئامۆژگاری و رێنمایی فەیلەسوف و تیۆلۆجیستەکان دەکات؛ ئەگەر دەتانەوێ بگەنە رێی راست و ئازادی، جگەلە رێگەکەی فۆیەرباخ هیچتر نییە (Garudy, ١٩٦٧, p. ٢٦).

٢٩ وەک لەو رەوتەی کە بە ‹چەپە سپینۆزاییەکان› دەناسرێن. ئەوانەی لەسەر چەپی سپینۆزایی هەژماردەکرێن وەک دلۆزو ئەلتۆسیر و بادیۆ هتد... لە نێو بیرمەندە چەپە فەرەنسیەکاندا.

وارتۆڤسکی پێیوایە کاریگەری قوڵی فۆیەرباخ لەسەر مارکس ‹تێزی ماتریالیزم›ە. بەڵام، هەر ئەوەندە بەس نییە بۆ دیاریکردنی قەبارەی کاریگەرییەکەی (Wartofsky, ١٩٧٧(١٩٨٢), p. ٢٠). بەڵکو، رۆڵی دیالێکتیکی فۆیەرباخی لەوەدایە کە دیالیکتیک بە ‹دیالیکتی ئاگایی› و هۆشمەندنییەک کە رەگورپیشەی لە دۆخی مرۆیی و بوونی مادییدایە. لە هەستکردن و پێداویستی و کردەوەکانییدا لەناو سروشت و پەیوەندی وابەستە و پشتبەستنی مرۆڤ بە مرۆڤەوە رەنگدەداتەوە (Wartofsky, ١٩٧٧(١٩٨٢), p. ٢٠). هەروەها، رەهەندێکی تریش کاریگەری رەخنەکانی فۆیەرباخ لە دیاردەی ئایین لەسەر مارکسیزم دەردەخات ئەوەیە؛ کە ‹رەخنەکردنی ئایین بنەمای هەموو رەخنەیەکە›[٣٠] (Dupri, ١٩٧٠, p. ١٣٦).

## تێزەکانی مارکس لەبارەی فۆیەرباخ

ئاشکرایە، تێزەکانی مارکس لەمەڕ فۆیەرباخ گرنگی و بایەخی لە مێژووی مارکسیزمدا هەیە. بەڵام، کراوەتە چێوەیەک بۆ دەستنیشانکردنی رۆڵ و پێگەی فەلسەفەی فۆیەرباخ. هەڵبەت، هەر لەو دەستپێکە رەخنەییەشەوەیە مارکس هەنگاوە تێورییەکانی دەنێت و دواجار بەهۆیەوە فۆیەرباخ دەکەوێتە بن سێبەرییەوە. هەر بۆیە، وەک بیرمەندی مارکسیست ‹تێری ئیگڵتن› دەڵێت، پێویستە بە وورياییەوە تێزی یانزەی مارکس سەبارەت بە فیورباخ لێکبدەینەوە (Eaglton, ٢٠١٨, p. ١٤٤). لە راستیدا، ئەگەر بەووردی خوێندنەوەو شرۆڤەی بکەین، چەند سەرەداوێک دەدۆزینەوە:

ئەم تێزانە مانفێستی دژەفەلسەفە و دژەفەیلەسوفە. چونکە، کۆتاییهێنان بە هەژموونی فەلسەفە لەرێگەی چەند تێزەیەکەوە رادەگەیەنرێت.

وەک لە تێزەی کۆتادا روونە، داواکردن و چاوەڕوانکردنی ئەرکێکی زێدەگران کە لە دەرەوە ئەرک و رۆڵی فەیلەسوفە، لە فەیلەسوفان چاوەڕوان دەکرێت. بارکردنی فەیلەسوف بە ئەرکی دەستوەردانی راستەوخۆ و تێهەڵچوون لە ئاڵوگۆڕی سیاسی و ئابوری، بە جۆرێکیش بایەخی فەیلەسوفیش دەگۆڕێت.

گۆڕینی ئەرک و رۆڵی فەلسەفە بۆ نەخشەرێگای ئاڵوگۆڕکێ یان شۆرش و هەڵگێرانەوەی هاوکێشەی ئابوری و سیاسی، یان ژێراوژوورکردنی ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵ، بەپێی پرۆگرام و جیهانبینییەکی دیاریکراو کە لەئەنجامی خوێندنەوەیەکی مارکسیانەی مێژوو و مرۆڤ و ئابورییە، چەندە گرنگیش بن، دەکەونە دەرەوەی چاویلکەی فەیلەسوفەوە.

ئایا گۆڕینی جیهان بەبێ لێکدانەوەی رێتێدەچێت؟ ئەوە چ گۆڕینێکە کە رەمەکی و بێخوێندنەوە و لێکدانەوە بکرێت؟ یان دەکرێ بڵێین مارکس گرفتی لەگەڵ خودی لێکدانەوەکە نییە، بە ئەندازەی ئەوەی لێکدانەوەیەک بە ئامانج و نیازی گۆڕانکاریی پراکتیکی بێت، نەک تەنها رامانەکی و تێوری و مەزەندەییانە؟ وەک لە ئایدۆلۆجیای ئەڵمانیدا مارکس جەختی لێکردۆتەوە: «بوونی کۆمەڵایەتی پێگەی ئاگایی دەستنیشان دەکات» (Eaglton, ٢٠١٨, p. ١٤٤).

دەکرێ بووترێ؛ ئەو رەخنە و سەرنجانە فەلسەفیی نیین، بەڵکو سیاسی و کۆمەڵایەتی و فرەڕەهەندی ئابوورییین. بۆیە، شیاوێتیان لەسەر ئاستی زانستە مرۆییەکان، دەبێت لە ئاستە فەلسەفییەکە جیابکرێتەوە.

پێش شرۆڤەی تێزەکان، رەخنەی مارکس لە هیگڵ دەروازیەک دەکاتەوە. مارکس هاوڕای ‹هیگڵ›ە کە مرۆڤ لە پەیوەندییەکی دینامیکییدا بە سروشتەوە خۆی پەرەپێدەدات. بەڵام، جیاوازی سەرەکییەکەی لەوەدایە، هیگڵ

٣٠ هەندێک پێیوایە ئەم بۆچوونە راڤەیەکی دروست نییە بۆ مارکس و یەکێکە لەو هەڵە تێگەیشتنانەی کە لە مارکس هەیە.

ئەو پەیوەندییە بۆ ئاگایی دەگەڕێنێتەوە نەک سروشت و ژینگە/ئابوورییەکە لای مارکس (Dupri, ١٩٧٠, p. ١٦٣). لەو سۆنگەشەوە مارکس فۆیەرباخ رەخنە دەکات کە تێگەیشتن و چەمکی مرۆڤ لای ئەو لە مرۆڤی واقیعەوە دوورە. ناکرێت مرۆڤ لە دەرەوەی کۆمەڵگا کە بەهۆی هەلومەرجە ئابورییەوە دەستنیشانکراوە، لێبڕوانرێت (Dupri, ١٩٧٠, p. ١٩٦).

لای مارکس، ئەوە هەڵەیەکی ئایدۆلۆجییە کە پێشبینی بکەین ‹مرۆڤی نوێ› چۆن دەردەکەوێت. بەڵکو، ئەرکەکە دەستنیشانکردنی هەلومەرجی ئابوورییە کە ئەو مرۆڤە نوێیە چۆن تێیدا دەژی (Dupri, ١٩٧٠, p. ١٩٨). ئیدی، لەدیدی مارکسدا هەردوو هیگڵ و فیورباخ، وێنەکی پەتی و داماڵراوی مرۆڤیان هەیە کە لەسۆنگەی ژینگە و کۆمەڵگەیەکی دابڕاوەوە خراوەتە دەرەوە (Dupri, ١٩٧٠, p. ١٢٩). بۆیە، لە تێزەی ‹یەک›دا مارکس رەخنەی لە ‹فۆیەرباخ›ە کە لە بنەڕەتەوە هەموو جۆرەکانی ماتریالیزم بە ئێستەشەوە ئەوەیە -شت٣١- واقیع، هەستپێکردنەکان، تەنها لەشێوەی بابەت-ئۆبجێکت-ی رامانکرد و سەرنجداندا بووە، نەک بەشێوەی چالاکیەکی هەستەکی مرۆیی وەک پراکسیس (Dupri, ١٩٧٠, p. ٧).

هەروەها، ئەرکی فەلسەفە لەو تێزانەدا دەبێتە بەرپاکردنی شۆڕش، بەتایبەت کاتێک کە رۆدەنرێتە نێو چینی پرۆلیتاریاوە (Dupri, ١٩٧٠, p. ١٤٢). بۆیە، پێویستە فەلسەفە تا ئەوانەی چەوساوە و چینی ژێرەوەی کۆمەڵگا بە ئاگابهێنێتەوە و هەر ئەمەش رۆڵی فەلسەفەیە (Dupri, ١٩٧٠, p. ١٤٢). بۆیە، رەخنەی رادیکاڵ دەبێت لە فەلسەفەیەکی گشتگیرەوە کە هەموو مرۆڤایەتی دەگرێتەوە، سەردەربهێنێ. چونکە، هەر فەلسەفە دەتوانی ‹سیستم› دادگایی بکات و دەربیخات کە پەرەسەندنی ئازادانەی مرۆڤ چۆن بەدیدێت. ئەم تێگەیشتنە لە مانوسکریپتی فەلسەفیی ئابوورییدایە (Dupri, ١٩٧٠, p. ١٤٥). بەڵام، لێرەدا دیسان فەلسەفە بە ‹ئامرازکراوە›. دواجار، هەر لە مانوسکریپیشدا مارکس فەلسەفەی ‹رامانەکی هیگڵ› بەجێدێڵێت (Dupri, ١٩٧٠, p. ١٦٠) .

هەروەها، قۆناخی ‹کۆتایی ئایدۆلۆجیای ئەڵمانی› بە کۆتایی قۆناخی فەلسەفە مارکس دادەنرێت. چونکە، لەوێدا دەریخست کە هەلومەرجی ئابوری کۆمەڵایەتی مرۆڤ، بنەما و بنەڕەتی ژێرخانی بەها مرۆییەکانە (Dupri, ١٩٧٠, p. ٢١١)). دواجار کتێبی ‹زەبونیی فەلسەفە› لە (١٨٤٦) کۆتایی بە هاوڕییەتی لەگەڵ ‹پرۆدۆن› دا هێنا (Dupri, ١٩٧٠, p. ٢١٥)). ئەو قۆناغە نەک رەخنەکردنە، بەڵکو هەڵوەشانەوە و لێپرسینەوە و دادگاییکردنی فەلسەفەشە. بەڕای ئەنگڵز: وەکچۆن فەیلەسوفانی رۆشنگەری نایانەوێ یەکەمجار چینێکی یەکسان هەبێت، پاشان هەموو مرۆڤایەتی بە یەکجارەکی. هاوکات، هیواخوازن مەملەکەتی ئەقڵ و دادوەری هەمیشەی جێبەجێبکەن. بەڵام ئەو مەملەکەتە لە فەیلەسوفە رۆشنگەرەکان دوورە، وەکچۆن ئاسمان لە زوویەوە› (Dupri, ١٩٧٠, p. ٢٤٣). بۆیە، ئەوە فەیلەسوفەکان نین مەشخەڵی ئاڵوگۆڕی سیاسین.

لەگەڵ ئەوەی فۆیەرباخ لە (١٨٦٩)دا بووە ئەندامی پارتی کریکارانی سۆسیال دیموکرات، بەڵام هەڵسوڕاوێکی سیاسی نەبوو. لەکاتێکدا مارکس و ئەنگلس تەنها بە راڤەکردنی جیاوازی جیهانەوە نەوەستان، بەڵکو دەیانویست گۆڕانکاریشی تێدابکەن و ئەمەش لە ‹تیزەکانی دەربارەی فۆیەرباخ›دا رەنگیداتەوە. بەم ئامانج و مەبەستەش ئەرک و کایەی فەلسەفە بەجێدەهێڵن. یەکێک لە خاڵەکانی مارکسیزم ئەوەیە دەکرێ؛ زانین لەڕێی پراکتیکەوە نەک وێناکردنی تێورییەوە بەدەستبێت (Hösle, ٢٠١٧, p. ١٤٦). لەبەرئەوە، رەخنەیەکی مارکس و ئەنگلز لە فۆیەرباخ ئەوەیە کە هێشتا لە قەفەزی سیستمی هیگڵی دەربازی نەبووە. چونکە، مرۆڤ وەک ‹جۆری پەتی› و داماڵراو لە کارتێکەرە ئابووری و مێژوویە چینایەتیەکان باسکردووە (Garudy, ١٩٦٧, p. ٢٨) . تەنانەت، فۆیەرباخ

٣١ GegenStand

تەنها باسی لایەنی تیوریی نەک پراکتیکی نامبۆوونی کردووە (Garudy, ١٩٦٧, p. ٢٨) .

ژینگە لای فۆیەرباخ هەر ئەوە دەگرێتەوە مرۆڤ بەرهەمی سروشتە نەک کۆمەڵگا. پەیوەندی مرۆڤ و سروشت راستەوخۆیە چالاکی کار و ئیش ناگرێتەوە. بەڵکو تەنها ووردبوونەوە و بیرکردنەوەو چاوەڕوانی دەگرێتەوە (Garudy, ١٩٦٧, p. ٢٨). لەو روانگەوە رەخنەکە لەجێی خۆیدایە. بەڵام ناشبێت ئەوە نادیدەبگیرێت کە فۆیەرباخ لەو هێزو پاڵنەرە ناخەکی و سروشتیانەی وادەکەن مرۆڤ خۆی وابەستەی هێزێکی سەرووسروشتی- خودا- بکۆڵێتەوە. چونکە، ترس و دڵەڕاوکێ و تەنیایی و بێدەسەڵاتی پاڵنەری دەروونی باوەڕکردنن بە هێزێکی سەرووسروشتی. ئیتر لەمەوە، فۆیەرباخ و مارکسیزم لە دووڕیانێکی جیادان. چونکە، وەرچەرخان لە مارکسی لاوە بەرەوە مارکسی پێگەیشتوو، پتر وەک ئابوریناس لەوەی فەیلەسوفێک بێت دەردەخات. ئەمەش تا (١٨٦٨) درێژە دەکێشێت (Hösle, ٢٠١٧, p. ١٤٩).

لەبەرئەوەشی لە روانگەی مارکسیزمەوە، فۆیەرباخ کلیلی شۆڕشگێڕیەکەی لە ‹هیگڵ›دا نەدۆزیەوە. کلیلەکەش بریتییە لەوەی چۆن فەلسەفە ببێتە ئامرازی چالاکیی سیاسی و شۆڕش بەرپاکردن. هەڵبەت، دۆزینەوەی ئەو کلیلە لە کۆمەڵگادایە نەک سروشت. ئیتر، تا ئەوکاتە فۆیەرباخ بایەخ بە پاڵنەرە ناخەکی و سروشتییەکان دەدات کە تەنها لە نێو بازنەی فەلسەفەدایە نەک سیاسەت (Garudy, ١٩٦٧, p. ٢٨) . گرفتێکی تری مارکس لەگەڵ بنەمای پەتی ‹رەوشتی مرۆڤایەتی› فۆیەرباخ لەوەدایە کە دەبێتە هۆکاری خراپەی مرۆڤایەتی. چونکە، ئەو بنەما پەتییە دەبێتە جێگرەوەی رەهەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری مرۆڤبوون. واتە، دەبێتە بنەمایەکی دەستکرد و ناواقعی (آفرون، ١٩٨١، صفحة ٤٧).

## رەخنەکردن مارکسیزمانەی فۆیەرباخ

لە پێشەکی رەخنەکانیدا، ئەنگلس بەمجۆرە بابەتەکان دەوروژێنێ: ‹مرۆڤایەتی تائێستا وێنەیەکی نادروستی بۆ خۆی کێشاوە، وێنەیەک لەبارەی ئەوەی چییە و دەبێت چۆن بێت. پەیوەندییەکانیان لەڕێی وێناکردنی خودا، مرۆڤەوە کردووە› (Karl Marx & F. Engels, ١٩٧٤, p. ١٩). لە دەسنیشانکردنی گرفت و پێگەی ئایدیالیزم بەگشتی و ئایدیالیزمی ئەڵمانیدا کە: ‹رەخنەی ئەڵمانی لەهەوڵە گەنجانەکانیدا هەرگیز سنوورەکانی فەلسەفەی تێنەپەڕاندووە› (Karl Marx & F. Engels, ١٩٧٤, p. ١٩).. ئەنگلیس دەیەوێت بڵێت؛ رەخنە لە دەرەوەی فەلسەفە بایەخدانێکە لەخۆیانەوە (مارکس/ئەنگلز) دەستپێدەکات. لە سەرەتای تێزەکانیدا، ئاماژە بە دیارترین کەموکورتی ماتریالیزمی فۆیەرباخ کراوە؛ تائێستا ئەوەیە کە شت، واقیع و هەستپێکراوەکان تەنها لە فۆرمی بابەتی هەستکردندا لێکدراوەتەوە. واتە، وەک چالاکیەکی هەستەکی هەستەکان، یان وەک پراکتیک لێکنەدراونەتەوە. چونکە، ماتریالیزم خۆیەکی-سەبجێکتیڤ نییە. لەمەوە ماتریالیزم، بە فۆرمیکی ئەبستراکت لە ئایدیالیزمەوە پەرەیسەند کە واقیعی سروشتی و چالاکی هەستەکان وەک ئەوەی هەیە، نەناسیووە (Karl Marx & F. Engels, ١٩٧٤, p. ٧).

ئیدی؛ ماتریالیزمەکەی فۆیەرباخ نامێژوویییە. چونکە، لای ئەو هێشتا بابەتە هەستپێکراوەکان لە بابەتەکانی بیرکردنەوە جیان و نایەوێ چالاکی مرۆڤ خۆی وەک چالاکییەکی بابەتی-پراکتیکی- لێکبداتەوە. بۆیە، لە ‹کرۆکی کریستانێتی›دا رەفتاری تیۆری بەتەنها رەهەندی تەواوی مرۆڤ دادەنێ. لایەنی پراکتیکیش بێبەها کراوە. هەروەها، ئەو لە واتای چالاکی شۆڕشگێڕیی، رەخنەی پراکتیکی ناگات (Karl Marx & F. Engels, ١٩٧٤,

p. ٧). گرفتەکە ئەوەیە، ماتریالیزمی پێشوتر بەوەی فۆیەرباخیشەوە، واقیعی هەستپێکراو وەک بابەتێکی رامانەکی پەتی نەک چالاکیەکەی مرۆیی هەستپێکراو و ئەزموونکراو لێکنەدراوەتەوە.

بەو پێیە، فۆیەرباخ هێشتا ئەبستراکتە- دەرەهەست- و دەرەمێژوویی و دەرەکۆمەڵگا بیردەکاتەوە. چونکە، لە دەرەوەی پەیوەندی و کۆمەڵایەتی و چینایەتی و مێژوو و بکەرەکانی دەدەوێ (Wartofsky, ١٩٧٧(١٩٨٢), p. ٢١).

بەرای مارکس، ناسینی ‹راستی بابەتی› لای مرۆڤ، لەخۆیدا بابەتێکە یان چالاکییەکی تیۆریی نییە. بەڵکو لە بنەڕەتدا پرسیارێکی پراکتیکییە (Karl Marx & F. Engels, ١٩٧٤, p. ٧). لەبەرئەوەی ململانێ لە پێناو راستی واقیعدایە. بۆیە، بیرکردنەوەی ناواقیعیانە جیاواز و سەربەخۆیە لە پراکتیک، تەنها مشتومڕێکی فێرگەییە٣٢ (Karl Marx & F. Engels, ١٩٧٤, p. ٧). لەتێزەی (٣)یشدا ئاماژە بەوەی ‹زانستی ماتریالیزم› لە پەیوەندییدا بە گۆڕینی بارودۆخەکان و پەروەردەوە، ئەو هەلومەرجانەی لەلایەن مرۆڤە دەگۆڕدرێن، فۆیەرباخ لەبیریکردووە. ماتریالیزم دەبێت کۆمەڵ، جڤاک بەسەر دووبەشدا-چین- پۆلێنکات، دەریبخات چۆن یەکێکان بەسەر ئەویتردا خۆی سەرخستووە (Karl Marx & F. Engels, ١٩٧٤, p. ٨).

هەروەها، لە تێزەی(٤)دا دەڵێت فۆیەرباخ پێیوایە ‹خۆنامۆبوونی ئایینیانە› لە «دووقاتبوونەوەی جیهان» لە جیهانی ئایینی و جیهانێتی جیهاندایە٣٣. بەدەربڕینێکیتر، ئایین وەک جیهانێک لە نێو جیهان گێتییەکەدایە. بۆیە، هەوڵەکەی ئەو بریتییە لە گێڕانەوەی جیهانی ئایینیی بۆ بنەڕەتە جیهانییەکە. بەڵام، هاوکات ئەو بنەما جیهانێتیەکەش لە خۆی دادەبڕێ و وەک مەملەکەتێکی سەربەخۆ کە تەنها لەنێو هەورەکاندا بێت. هاوکات، دەیەوێ لەڕێی دژیەکی نێوان ئەو دووجیهانە کە لە دادڕانی ناخەکی مرۆڤدایە، بکاتە بنەمایەکی روونکردنەوەکەی (Karl Marx & F. Engels, ١٩٧٤, p. ٨).

لەگەڵ ئەوەی فۆیەرباخ بەبیرکردنەوەی پەتی -ئەبستراکت- رازی نییە، تێگەیشتن و رامانی دەوێت. بەڵام، هەر خۆشی هەستەکان وەک چالاکییەکی پراکتییکی لێکناداتەوە. هەروەها، کرۆکی ئایینی تەنها لە کرۆکی مرۆڤدا نەک هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکەدا دەبینێت. پاڵنەریی ئایینداری بەتەنها بە هۆکاریی خۆیەکییەوە دەبەستێتەوە. بەڵام ئەو کرۆکەی ئایینییە بابەتێکی ئەبستراکت نییە کە لە ‹تاک› جیابێت. چونکە، راستی کرۆکی مرۆڤ لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندایە. هەر ئەوەش کە وایکردووە کە فۆیەرباخ واقیع رەخنە نەکات، بەناچاری ئەم ئەنجامانەی لێدەکەوێتەوە:

- ئەو کرۆکە لە پرۆسە مێژووکردەکە دامالێ و ئایین بە دیاردەیەکی نەگۆڕی سەربەخۆ وەسفکات. بەوەش ناچارە لە مرۆڤێکی /تاکێکی داماڵراو/ پەتییەوە دەستپێبکات.

- دەکرێ لە کرۆک، ناوەڕۆکی مرۆڤ تەنها وەک «جۆر» لێی بروانرێت، وەک گشتێکی ناخەکی نەگۆڕ کە هەموو تاکەکان بەشێوەیەکی سروشتی بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

- جگەلەوەش، فۆیەرباخ ئایین وەک بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی نابینێت. لەبەرئەوەی، تاک وەک بەرهەمی کۆمەڵ لێکنەداوەتەوە. بۆنموونە، ئایین لای ئەو ئایین لە سەروشتی مرۆڤەوەیە نەک لە هەلومەرجە گۆڕاوە مێژووییەکانەوە دەکەوێتەوە (Hösle, ٢٠١٧, p. ١٤٦).

---

٣٢ Scholastics

٣٣ ئەم لە خۆنامبوونی ئایینیە، وادەکات مرۆڤ لە دووئاستدا ‹جیهان› ئەزموونبکات: جیهانێک کە ئایینیە و ئەوتیریشیان جیهانە سروشتیەکەیە. ئیدی، دروستکردنی جیهانێکیتر لەناخدا لای مرۆڤی ئایینی، سەرچاوەی نامۆکردنیەتی لە جیهانە بابەتیە هەستپێکراوەکە.

## هەڵسەنگاندنی بۆچوونەکەی مارکس و بەرگری لە فۆیەرباخ

لە بۆچوونەکەی مارکس دا هەریەک لە هیگڵ و فیورباخ، وێنەکی پەتی و داماڵراوی مرۆڤیان هەیە. چونکە، لە ژینگە و کۆمەڵگا دایانبڕاندووە و وەک پێدراوێک لە دەرەوەیان خراوەتەڕوو. بەڵام، ئەوە سەرنجێکە. چونکە، وێناکرنی مرۆڤ لای مارکس لەو وێنە هەمەکیەکە۳٤ی هیگڵ کەمتر ئەبستراکت نییە. لە ‹مانوسکریپتی ئابووری›دا بۆ یەکەمجار ئەو مرۆڤ پەتییە، دەرەمێژوو و دەرەئابوورییە لە پەیوەندی بە سروشتەوە، فۆرم و شێوە وەردەگرێ. هەر ئەمەش دەبێتە زەمینەی روونکردنەوەی چەمکی ‹نامۆبوون› کە مرۆڤ کە لە ئەنجامی نامۆبوونی لە سروشت، بەتایبەت کاتێک خاوەندارێت-موڵکدار-ی تایبەت سەرهەڵدەدات (Dupri, ١٩٧٠, p. ١٢٩). هەروەها، مارکس لە تێگەیشتنی هیگڵدا کەوتە هەڵەوە (Dupri, ١٩٧٠, p. ١١٧). چونکە، جیاوازی لەنێوان چەمکی ئاگایی/هۆش لە کتێبی فینۆمێنۆلۆجی و جیاوازی بەکارهێنانی هەمان چەمک لە کتێبی ‹فەلسەفەی ماف›دا هەست پێنەکردووە. بەڵگەش ئەوەیە، لە مانوسکریپتدا ئەو جیاوازییە سەرەکییەی بەسەرداتێپەڕیوە. جیاوازیەکی گەورە لەو دووانەدا سەبارەت بەچەمکی ئاگایی/هۆش هەیە (Dupri, ١٩٧٠, p. ١٦٠). بەپێی لێکدانەوەکان، چەمکی ‹ململانێی چینایەتی› کە بە کلیلی مانڤێست دادەنرێت، پتر ‹دۆگمایەکە› لەوەی کە راستیەکی کۆمەڵایەتی واقیعی هەبێت (Dupri, ١٩٧٠, p. ٢٤٧). پێدەچێت چەمکی ‹پرۆلتاریات› پتر لەسەر بۆچوونیکی پێشیانەیی۳٥ فەلسەفی پەتی دامەزرابێت کە بریتییە لە دیالیکتیکی ‹ئاغا و کۆیلە› پتر لەوەی راستییەکی کۆمەڵایەتی هەبێت (Dupri, ١٩٧٠, p. ٢٤٧). چەمکەکە راستییەکی ئیمپیری نییە جگەلە ‹چەمکێکی پەتی فەلسەفییانە.

لە کتێبی ‹تاک لە پەیوەندییدا بە ئەویترەوە›(١٩٢٨) ‹کارل لۆڤیت› دەنووسیت: ‹فۆیەرباخ لە کتێبی بنەماکانی فەلسەفەی ئایندەدا› هەوڵیداوە بەشێویەکی سەرەتایی کێشەی خود/بابەت لەسەر ئاستێکی نوی بخاتەڕوو؛ جەوهەری مرۆڤ جگەلە یەکێتی مرۆڤ لەتەک ‹ئەویتر›دا پترنییە. یەکێتییەک کە پشت بەجیاوازی ‹من› و ‹تۆ› دەبەستێت و لە فەلسەفەشدا بەو پێیەی فەیلسوف وەک مرۆڤ بەندە بە ئەویترەوە. بۆیە، دیالیکتەکەی مۆنۆلۆگ-خۆدواندن-ێک نییە کە فەیلەسوف لەتەک خۆیدا بیکات. بەڵکو، وتوێژێکە لەنێوان من و ئەوتیردایە (آفرون، ١٩٨١، صفحة ١٧). لەمەوە؛ دروشمی فۆیەرباخ بریتییە لە: «رێز بگرە لەو مرۆڤەی لە ناوتدایە» (آفرون، ١٩٨١، صفحة ١٧).

دیارە، نارەزایی مارکس دژ بە ‹میتافیزیک› کە جیهان سەرەوخوار دەکات. هەروەها، لە فەلسەفەشدا دژبەرییەک لەنێوان ئەوەی بە ‹فەلسەفەی یەکەم› ناسراوە و لەگەڵ ئەوەشی ئێستە بە ‹فەلسەفی رەسەن› دادەنرێت، دەهێنێتە کایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، دەکرێ بووترێ؛ «ساویلکەییەکی گەورەیە کۆمنیزم وەک بەرئەنجامێکی سروشتی ماتریالیزم دابنرێت، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو راستییەی کە کۆمنیزنم وەک جۆرێ لە داروینیزمی کۆمەڵایەتی پشتیوانی لێکراوە (Hösle, ٢٠١٧, pp. ١٤٧-٨).

راستە، تیۆلۆجیای کریستانیتی چەقی رەخنەکانی فۆیەرباخە، بەڵام ئەو رێبازی رامانەکی هیگڵ لەبارەی تێگەیشتن لە ‹خودا› رەتدەکاتەوە. دژ بە باڵی «راستڕەوی بۆرژوای هیگڵی» وەستایەوە، بەتایبەت کە جیاکاری لەنێوان تێگەیشتن و ژیردا دەکەن (Hösle, ٢٠١٧, p. ١٤٥). جگەلەوەش، باوەڕی سیانەکی-سێ رەهەندی- ۳٦ خودا کە

---

۳٤ Universal
۳٥ A priori
۳٦ Trinity

بریتییە لە دژیەکی فرەخوایی٣٧ و یەکتاخواییدا٣٨. بۆیە، ڕێبازی کریستیانۆلۆجی لەناوخۆیدا پێکناکۆکە، بەتایبەت خراپترین جۆری پێکانکۆکیەکەی لەنێوان ‹باوەڕ› و ‹خۆشەویستی›دایە (Hösle, ٢٠١٧, pp. ١٤٤-٥). ئەمەش بەووردی لای فۆیەرباخ تاوتوێدەکرێت. یەکێکیتر لە پێکناکۆکی و دژیەکی لەپرسی هەبوونی خودا دا ئەوەیە، لە ڕاستیدا بوونەکەی نە بابەتی هەستکردنە، نە بابەتی ژیریشە، بەڵکو تەنها بیرۆکەیەکە کە ناوەڕۆکێکی خۆییەکی٣٩هەیە (Hösle, ٢٠١٧, p. ١٤٤).

هەروەها، لەوەڵامی ئەوەی فۆیەرباخ ماتریالیست نییە، بەڵکو ماتریالیستێکی ئایدیالیستە، خۆی لەوتارێکیی گۆڤاری ‹فیرتەلسخریفت› لە (١٨٤٥)دا بەشی (٢) لە کۆتایی وتارەکەدا ‹بەناوی کرۆکی کرستیانێتی›دا دەڵی: نە ماتریالیستم، نە ئایدیالیست، نە هەوادار و شوێنکەوتەی فەلسەفەی هاویەکی/ ناسنامە٤٠شم. ئەی سەربەچییە؟ لە بیرکردنەوەیدا بە ڕاستی، لە ڕۆحیدا ‹گۆشتدارە›، لە کرۆک و ناوەخندا کە هەستەکانە مرۆڤە. باشترە بووترێت، کرۆکی مرۆڤ ئەوەیە کە تەنها لە کۆمەڵ و جڤاکدایە، مرۆڤی جڤاکی، کۆمونیستە (Hugues C. Boekraad & Henk Hoeks, ١٩٧٤, p. ٩٩). لێرەوە، فۆیەرباخ خۆی وەک کمۆنیست پێشکەشدەکات.

بەڵام، ‹ئەنگڵز› پێیوایە فۆیەرباخ نەزانانە کەوتۆتە هەڵەوە. لەسەر بنەمای دیاریکردنی ووشەی مرۆڤی ئاسایی نێوکۆمەڵ خۆی بەکۆمۆنیزم داناوە و بەمەش خۆی چێواشەکردووە. چونکە، پێیوابووە دەکرێ وشەی ‹مرۆڤ› بە کۆمۆنیزم بگۆڕێت (Engels, ١٩٧٤, p. ٤٦). ‹دانی پێدادەنێن کە فۆیەرباخ لە هەوڵەکەیدا ئاگایی و هۆشیاری لەو ڕاستییەوە بەرهەمبهێنێ- مرۆڤ یەکتریان پێویستە و لەم ڕاستییەش بەئاگان - وەک تیۆرسازێک بەبێ ئەوەی لەوەی تیۆرساز و ڕۆڵی فەیلەسوفە بووەستێت› (Engels, ١٩٧٤, p. ٤٧). واتە، فۆیەرباخ تەنها جەختی لە ڕاستی پەیوەندی تاک وکۆمەڵ کردۆتەوە کە تاکەکان پێویستیان بەیەکترە نەکئەوەی واقیعەکە بگۆڕێ و دژی بوەستێتەوە. بەدحاڵیبوونی فۆیەرباخ بۆ ‹دۆخی لە ئارادابوو٤١› لە وەدایە کە هەبوونی مرۆڤ یان شتەکان بە هەبوونی کرۆک/ ناوەڕۆکیان٤٢ یەکسان دەکات. کەواتە، ‹بوون› لە هەمانکاتدا بە ناوەڕۆک و جەوهەری کەسەکە یان شتەکە یەکسانە. لەمەشەوە، هەلومەرجی هەبوونی شتەکان/مرۆڤەکان یان گیانلەبەرەکان، جۆری بوون و چالاکیشیان تەنها لەوەدایە کە لە ناوەڕۆک-جەوهەردا هەست بە ڕەزامەندیبوون بکەن (Engels, ١٩٧٤, p. ٤٧).

جگەلەوەش، ڕەخنەیەکتری ئەنگڵز لەوەیە؛ فەیلەسوفە دانا و بە ئاگاکان ئازادی مرۆڤیان یەک هەنگاو بەرەوپێش نەبردووە. کەواتە، فەلسەفە ڕزگارکەرەکە نییە. ڕزگارکردنی ڕاستی جیهان، بە بەکارهێنانی ئەو چەمک و دەستەواژانە ناکرێت. بەڵکو ئامراز و کەرەسەی خۆی پێویستە، وەکچۆن ‹کۆیلایەتی بەبێ ماکینەی هەڵمین هەڵناگیرێت› (Engels, ١٩٧٤, p. ٤٧). ڕزگارکردن پێناسەیەکی دیاریکراوی هەیە: پرۆسەو کردەیەکی مێژووییە نەک هزری و دەروونی. ئەمەش خاڵی جیاکەرەوەی شۆڕشگێڕ و فەیلەسوفە. شۆڕشگێڕ کردەنییە، بەڵام فەلسەفە ڕامانەکی ژیرەکییە (Engels, ١٩٧٤, p. ٤٩). فۆیەرباخ جگەلە بۆچوونی پەرتەوازە و گشتاندن، کاریگەریان کەمە، چەمکەکان هەمەکی، زمان و چەمکەکای هزرەکین، نەک واقعی. بۆیە، مارکس دەڵێ، زمان، زمانی واقعە، نەک

٣٧ polytheism
٣٨ monotheism
٣٩ subjective
٤٠ Identity philosophy
٤١ Existing Reality
٤٢ Essence

هـزرو ئەندێشـە (Engels, ١٩٧٤, p. ٤٩).

مـادام بـەڕای ئەنگلـز، فۆیەربـاخ نەیتوانـی لـە دەرەوەی چاویلکـەی فەیلەسـوفێک تەماشـابکات و هەسـت بەشـتەکان بـکات، هێشـتا لەچاویلکەیەکـی پەتییـەوە لـە دیـاردەکان دەڕوانێـت، نـەک لەسـۆنگە کۆمەڵایەتییەکـەوە (Engels, ١٩٧٤, p. ٥٠). فۆیەربـاخ باسـی زانسـتە سروشـتییەکان دەکات کـە چـۆن تێیانـدا پرۆسـەی سـەرنجلێدان و لێڕوانیـن دەبێـت. ئەمـەش بەپـی پێناسـە باوەکـەی زانسـتە سروشـتیەکان کـە هیـچ ئامانجێـک لـە بـواری کۆمەڵایەتیـدا ناپێکێـت و سروشـت تەنهـا چالاکییەکەیـە. لێـرەوە گرفتـی چەمکـی مـرۆڤ لای ئـەو لەوەدایـە، تەنهـا وەک هەبوویەکـی- کەرەسـەیە- هەسـتەکی نـەک چالاکیەکـی هەسـتەکی لێکدەداتـەوە (Engels, ١٩٧٤, p. ٥١). سـەبارەت بـە پەیوەنـدی مـرۆڤ بـە مرۆڤیشـەوە، ئـەو تەنها لەسـۆنگەی پەیوەنـدی خوێنوگۆشـتەوە لێیدەڕوانێـت. بەمـەش، ماتریالیـزم و مێـژوو لێکجیادەبنـەوە. بۆیـە، ماتریالیزمەکـەی پـتر نامێژوویـی ژیرەکـی و بیرۆکەییانەیـە (Engels, ١٩٧٤, p. ٥٢). ڕەهەنـد و بیـری مێژوویـی لای فۆیەربـاخ بوونـی نییـە، گرفتـە تێۆرییەکەشـی هـەر لەمەدایـە (Engels, ١٩٧٤, p. ١٠٠).

## دەرئەنجام

ڕەسـەنایەتی فەلسـەفەی فۆیەربـاخ لـە گۆشـەنیگای بەرهـەم و ڕەخنـە بـە پێزەکانـی لـە ئاییـن و تیۆلۆجیـادا دەبینرێتـەوە. بـە گەڕانـەوە بـۆ سروشـت و پێگـەی مرۆڤـدا ئـەوەش باشـتر دەردەکەوێـت. جگەلـەوەی، ڕۆڵـی سـەرەکی لـە هەڵوەشـاندنەوەی ‹ئایدیالیزمـی ئەڵمانـی› بەتایبـەت لـە فۆرمـە ‹هیگڵییەکـەدا دەناسرێتـەوە. ڕەخنەکردنـی بنەماکانـی ئاییـن و ڕەگوڕیشـەکەی لـە سروشـتی مرۆڤـدا، بۆخـۆی هێنانەخـوارەوەی پاڵنـەری ئایینداریـە لـە فۆرمـە سەرئاسـا و سـەروومرۆییەکەوە. بـەوەش، کێشـەی ئاییـن، لەخۆیـدا کێشـەی سروشـتی مرۆڤـە. بـۆ دۆزینـەوەی وەڵام و سـەرەداوەکانی سەرهەڵدانیشـی، جگەلـە گەڕانـەوە بـۆ مـرۆڤ خـۆی هیـچ ڕێگەیەکیـتر نییـە.

خاڵێکیـتر کـە ڕەسـەنێتی فەلسـەفەی ‹فۆیەرباخ› دەردەخـات، پێشکەشـکردنی پارادایمێکـی نوێیـە: جێگۆڕینـی ‹بنـە› و ‹بـارە› لـە هاوکێشـەکەدا. لای هیـگڵ ‹بنە›-بـوون- کاردانـەوەی ‹بار›ە-بیـرە، بـەڵام لای فۆیەربـاخ پێچەوانەکـەی ڕاستە. جگەلـەوەش، لـە هـەر کوێەیـەک هیـگڵ جەختـی لـە چەمکـی خـودا کردبێتـەوە، فۆیەربـاخ پێداگیـری لـە چەمکـی ‹مرۆڤ›بـوون کردووەتـەوە. لـەم سـۆنگەوە، شرۆڤـە ڕەخنەییەکانـی فۆیەربـاخ ڕێخۆشـکەری سـەرەکی پرسـیارە ڕەخنەییەکانـی مارکسیزمیشـە. چونکـە، ئاڕاسـتەی بیـری فەلسـەفە لـە فۆیەرباخـەوە بـەرەو مـرۆڤ لـە ‹بـوون›دا دەڕوات.

لێـرەوە، هێنانـەدەرەوەی فۆیەربـاخ لـە تارمایـی ئـەو ڕاڤـە و بایەخدانـەی مارکـس، دیـوە نەووتـراو نەبینراوەکانـی ئـەو فەیلەسـوفەمان بـۆ دەردەخـات. چونکـە، خوێندنـەوەی دەقەکانـی لـە دەرەوەی ڕاڤـە مارکسـییە باوەکـە، دەرهێنانشـیەتی لـە چوارچێـوەی ئایدۆلۆجیایـەک کـە ڕێگـرە لـە گەیشـتن و تێگەیشـتن لێـی وەکخـۆی کـە هەیـە. ڕاستە، مارکسـیزم هەمیشـە فۆیەرباخـی لـە بەرژەوەنـدی خـۆی و پەیامەکـەی ڕاڤەکـردووە، ئـەوەش بـە ڕەهایـی نەرێنـی و لایەنگیرانـە نەبـووە. چونکـە، لای مارکسیسـتەکان ناوازەیـی فۆیەربـاخ لەوەدایـە کـە سیسـتەمی ‹هێـگڵ›ی تێکشـکاند. بـەڵام، لەگـەڵ سیسـتەمەکەدا دیالەکتیکیشـی وەلاوە نـا. واتـە، ئەرکـی ئـەو تێکشـکاندن بـوو نـەک شـۆڕش بەرپاکـردن. بۆیـە، لـە دیـدی مارکسـیزمدا دیالێکتیکـی هیـگڵ کلیلـی شۆڕشـە.

بـەڵام، شـاراوە نییـە ڕۆڵـی فەلسـەفی فیورباخ لـە مێژووی فەلسـەفەداو بەتایبـەت پـاش مەرگـی هیـگڵ و لـە ڕووی فەلسـەفییەوە لـە ڕێبـازی مارکسـیزم گرنگـترە. چونکـە، دواجـار بۆچوونـە فەلسـەفیەکانی مارکـس بـەرەو ئایدۆلۆجیـا

هەنگاودەنێت و مارکسیزم جێ بە جیهانبینی فەلسەفی دەکەوێتەوە. لەکاتێکدا ڕەخنەیەک لێی ئەوەیە؛ زانست تەنها زانستە سروشتیەکان دەگەیەنێت. بایەخی بە سیاسەت و ئابوری و کۆمەڵناسی نەداوەو وەک زانست هەژماری نەکردوون. دیارە، لە کۆنتێکسی مێژووییدا کە زانستە مرۆڤییەکان سەرەتاییبوون لەچاو پەرەسەندن و هەڵکشانی زانستەکانی وەک فیزیاو ئەوانیتردا. تەمەنی ئەو زانستانە و پێگەیان نوێ بووە. بۆیە، فۆیەرباخیش هێندە بە لایاندا نەچووە. ئەگەرچی جەختکردنەوەی لە ئەنترۆپۆلۆجیا وەک لقێکی زانستە مرۆڤییەکان، دەستپێشخەرییەکە.

جگەلەوەش مادام گلەیی مارکس و ئەنگڵز لە فەیلەسوفەکان ئەوەیە مرۆڤایەتییان هەنگاوێک لەسەر ڕێی ئازادی بەرەوپێش نەبردووە. چونکە، هەر خەریکی راڤەکردن و لێکدانەوەی جیهانبوون نەک گۆڕین و شۆڕش. ئەگەر وابێت، بۆ دەبێت هەڵسەنگاندن و پێوەری ڕەخنەکردنی فۆیەرباخ لەسۆنگە سیاسەت/شۆڕش و ئابورییەوە بێت نەک لەسۆنگەی بنەماکانی فەلسەفەوە؟ نەدەبوو ڕەخنەکان لە فۆیەرباخ، ڕەخنەی فەلسەفیی بن نەک سیاسی؟ چونکە، فۆیەرباخ لە بنەڕەتدا بە بۆچوونی مارکسیزم ئەو لایەنە سیاسییەی هەر فەرامۆشکردووە. سەبارەت بە بایەخدان و گەڕانەوە بۆ مرۆڤ نەک ئایدیاکان لای فۆیەرباخ، بەجۆرێک ئەوەش دەردەخات کە شۆڕش و پرۆلیتاریا لە خۆیاندا بیرۆکە و ئایدیایەکن. ئامانجیشی ئەوە نەبووە کە بۆ پراکتیک وەریانبگێڕێت. چونکە، لە بنەڕەتدا هەر پرسیارو کێشەکەی ئەو نەبوون! دانانی سروشت لە جێی ئایدیا، مرۆڤ لە جێی خودا، سیاسەت لە جێی کڵێسا، کار لە جێی پەرستن، ئەمانە دوائامانجی بوون. ئیدی، دەکرێت لە رووی فەلسەفییەوە کەموکورتیەکانی هەڵبسەنگێنرێن، نەک بە پێودانگێ کە لای ئەو هەر نەبووە!


Abstract

What is the history of philosophy is common, is that the role of Feuerbach is seen as the bridge between Hegel and Marx? Weill, this general image, gives a secondary role to Feuerbach's impact. Because it sees Feuerbach's role only as a link between two main figures. On the other side, it initiates that Feuerbach hasn't added any interesting thing to the philosophy after Hegel.  G through that image, eclipse Feuerbach's role at all and Marx become the main figure that inherent Feuerbach's heritage. in .this sense, Feuerbach illustrated as more Marxian than to be Feuerbachian in itself

Therefore, this paper tries to answer some questions like; how can recognize Feuerbach originally and where is it his original ideas? What does he add to the progress of the philosophy? And how far did he participate in the decline of German Ideology before Marx? In this sense, this paper aims to introduce .another Feuerbach than what has been dictated by Marx or in Marxism

# سەرچاوەکان

Althusser, I. (1969). For Marxs. Trans. Ben Brewster, Allen Lan. . Penguin Press.

Ayer, A. .. (1984). Philosophy In The Twentieth Century. New York: Vintage Books A Division of Random House.

Barth, K. (n.d.). K. Barth: The Introduction to the Essence of Christianity . In Feuerbach, The Essence of Chrisianty .

Bayertz, K. (2015). Materialism. In M. N. Gjesdal, The Oxford Handbook Of German Philosophy In The Ninteenth Century (pp. 83045-). Oxford University Press.

Bowie, A. (2003). Introduction To German Philosophy From Kant To Habermas. Polity Press.

Deranty, J.-P. (2020, May 16). Bloomsbury Encyclopedia of Philosophy. Retrieved from DOI: 10.50409781350962217.0003/

Dupri, L. (1970). De filosofishce Grondslagen van Het Marxisme. Antwerpen: Uitgeverij De Nederlandsche Bokehandel.

Eaglton, T. (2018). Why Marx was Right. Yale University Press.

Engels, M. /. (1974). de duitse ideologie- Feuerbach. Nijmegen: SUN/ Socialistishe Uitgeverij sunschrift 42.

Feuerbach. (1957). The Essence of Christianity. Trans. G. Eliot. New York: Harper Co. .

Feuerbach, L. (2012). P r i n c i p l e s o f P h il o s o p h y . In Z. Hanfi, Slected Writtings Ludwig Feuerbach (pp. 292296-). Verso.

Feuerbach, L. (2012). Preliminary Theses on the Reform of Philosophy. In Z. Hanfi, The Fery Books: Slected Writing of Ludwig Feuerbach (pp. 153173-). Verso.

Feuerbach, L. (2012). Principles of the Philosophy of the Future. In Z. Hanfi, Slected Writtings Ludwig Feuerbach (pp. 175- 245). Verso.

Garudy, R. (1967). Karl Marx: The Evolution of His Thought. Internationl Publishers New York.

Gjesdal, M. N. (2015). The Oxford Handbook Of German philosophy In The Nineteenth Century. Oxford University Press.

Gooch, T. (2015). ATHEISM. In M. N. Gjesda, The Oxford Handbook Of German Philosophy In The Nineteenth Century (pp. 113040-). Oxford University Press.

Hanfi, Z. (2012). Introduction . In L. Feuerbach, THE FIERY BROOK: Selected Writings of Ludwig Feuerbach (pp. 150-). London: VERSO.

Hösle, V. (2017). A Short History of German Philosophy. Princeton University.

Hugues C. Boekraad & Henk Hoeks. (1974). noten. In K. M. Engels, de duitse ideologie (pp. 93101-).

Neimegen: SUN.

Kamenka, E. (1970). The philosophy of Feuerbach. London: Routledge, Kegna Paul.

Karl Marx & F. Engels. (1974). De duitse ideologie: Marx/Engels Deel 1 Feuerbach . Neimegen : SUN/ Socialistiese Uitgeverij .

Lange, F. A. (1925). The History of Materialism And Criticism of Its Present Importance. Kegan Paul, Trench, TRÜBNER, & CO . LTD.

Lavine, T. Z. (1984). From Socrates To Sartre: The Philosophic Quest. Bantam Book.

Lowith, K. (1964). From Hegel to Nietzsche the revolution in nineteenth-century thought. Columbia University Press .

Soares, C. D. (2016, May 23). JSTOR. Retrieved from https://www.jstor.org/stable/44028681 REFERENCES

Wartofsky, M. W. ( 1977(1982)). Feuerbach. Cambridge University Press .

احمد عبدالحليم عطية. (١٩٩١). اصل الدين عند فيورباخ. بيروت: المؤسسة الجامعية للدراسات و النشرو التوزيع.

باكونين, م. (٢٠٢٠). الاله و الدولة. قامشلي : منشورات نقش.

حنا ديب. (١٩٩٤). هيغل و فويرباخ. بيروت: دار امواج.

زاس, هـ. م. (٢٠٠٢١). فۆیەرباخ پرۆژەی فەلسەفەیەکی نوێ. Revue Internationale de Philosophie , Vol. ٢٦, No. ١٠١ (٣), FEUERBACH. وەرگێڕانی د. حەمید عەزیز. دەستنووس.

عەزیز, ح. (٢٠٠٩). بنەڕەتەکانی فەلسەفە. سلێمانی: ئەندێشە.

عەزیز, ح. (٢٠١٣). پێشەکی. لە ناو ل. فۆیەرباخ, چەند بنەمایەکی فەلسەفی دوارۆژ (لاپەڕەکان ٣-٨). هەولێر: ئاوێر.

فۆیەرباخ, ل. (٢٠١٣). چەند بنەمایەکی فەلسەفی دواڕۆژ، وەرگێرانی حەمدی عەزیز. هەولێر: کتێبخانەی ئاوێر.

فيورباخ. (١٩٧٥). مبادی فلسفة المستقبل. بيروت: دار الحقيقة.

کەمال, م. (٢٠١٩). مارکس وەک فەیلەسووف. سلێمانی: دەزگای سەردەم.

نيکولای لوسکی. (١٩٨٤). تاريخ الفلسفة الروسية. الهيئة المصرية العامة لقصور الثقاف.

هنری آفرون. ( ١٩٨١). لودفيغ فيورباخ. هنری آفرون؛ لودفيغ فيورباخ. ت. ابراهيم العريس. المؤسسة العربية للدراسات و النشر ١٩٨١.

ئەنگڵس, ف. (٢٠١٩). فۆیەرباخ و کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی. سلێمانی: دەزگای ئایدیا.